# پاشخانی ئاریشەی ناوخۆیی کوردستان
# و
# تەون و تەپکەی داگیرکەرانی کوردستان

فەیزا مە شوبهی نیلە ، ئەم دجلە و فوراتین

**گەر شەیخ و وەر ئیمامە ، ڤێرایە من کەشاکەش**

**( مەلای جەزیری )**

**کارەساتی کورد بە وێنە ، لە تێروری ئیسلامی یەوە بۆ دەسەلات و پارلمانی کوردستان :**












.... پەرلەمانتاری پێشوی گۆران لەئەنجومەنی نوێنەران لەستایشی سۆران عومەر پەرلەمانتاری کۆمەڵ دەڵێت سلاو لە راستگۆیی سۆران عومەر، لە هەمو وێستگەکانی ئەم دوو ساڵەی لە خۆ بایی نەبو، فریو نەخوارد، بە هەمان ئاراستە کاری کرد و بەردەوامە لەوەی لەگەڵ خەلک بێت و بەرگریکەریان بێت جا کەم یان زۆر بۆی چوبێتە سەر یان نا، ئەمە شتێکی ترە. وەک خەلکانی تر قەت نەبوە بەربوکی پیلانە گڵاوەکانی **حوکمەتی مافیا**. ناوبراو لەبەشێکی تری ڕاگەیەندراوەکەی کە لە پێگەی خۆی بڵاویکردۆتەوە دەڵێت ئەوانەی بە میدیا سیاسەت دەکەن بلقی سەر ئاون و زەرەر بەخشن بە کۆمەلگا، گەڵتەکرێکی مناڵانەن هەر رۆژە و بە ئاستەیێک جەماوەر بریو دەدەن. دلسۆزانە، بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، هەر چەند لە لایەنی فکریەوە زۆر لێک دوورین، بەلام تۆ شایستەی نوێنەرایەتی کردنی خەلکی.

http://nakhsha.net/detail.aspx?id=334&category=kurdistan#today

((نوینەری ڕاستگۆ لە بەرانبەر حکومەتی مافیایی کوردستان ، هەویرێکە و ئاوی فرە هەڵ ئەگرێ .))

**سەردێڕەکان :**


پاشخانێکی مێژوویی بە کورتی ........ 4

هۆرە و پوازی ناوخۆیی ........ 5

ئەزموونی کوردستان ........ 6

ماک و ڕەوتی کارەساتەکە بە کورتی ........ 8

ڕاپەڕینی باشوور ، خاڵی وەرسووڕانی مێژوویی کورد ........ 9

ڕاپەڕینی باشوور و تەون و تەپکەی عارەب و عەجەم و تیروری ئیسلامی لە دژی کورد ........ 11

١ - یەکانیگیریی ناپیرۆزی عارەبی بەعسی و عەجەم و ئەلقاعدە ........ 11

٢ - پاشخانی سیاسی دەستی ڕەشی تیرور لە کوردستان ........ 15

٣ - لێدانی یەکیەتی کوردان بە دوو واتاوە ........ 16

بالۆرەی ناکوردانە و دژە مێژوویی ........ 19

ماکی مێژوویی و چینایەتی تایبەتمەندی دەسەلات و دەوڵەت و حکومەت ........ 20

ئاریشە و ئاریشەی فرەتەرتەر ، دەسا کێوەکان ئێوەش وەرن ........ 23

تەبایی و ناتەبایی نەشیاو و ناسەردەمیانە ........ 26

# پاشخانێکی مێژوویی بە کورتی

سرنج و پێداچوونەوەیەکی کورت و سەرپێی مێژوو خویا دەکاتن کو لەوەتی ئیمپراتوری ماد بە تایبەتمەندی و لە سەر بنەمای فەرهەنگی ئاریایی ( ئاریا فەرهەنگی جیهانیی مرۆڤایەتی بووە و فڕی بە سەر بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستی سازکراوی بە کرێگیراوانی کۆمپانیای هێندی ڕۆژهەلاتەوە نەبووە و نیە ) بە فیتی ئەخمەنەکان و قورمیش کەرانیان لەناو چوو و فەرهەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی  پاوانخوازانە و تاکەکەسی تایبەتی کۆنی ئاشووریەکان جێگەی فەرهەنگی مادەکانی گرت، شەر و پێک هەلپرژانی ئەو دوو فەرهەنگە دژبەیەکە ، هەتا ئیمرۆش درێژەی هەیە . شەڕی ماد لە دژی دەسدرێژی ئاشوور تەنانەت پێش پێک هێنانی ئیمپراتوری ماد ئەچێتە ئەو چوارچێوەوە و مێژینەیەکی کۆنتر . دوای بالادەستی فەرهەنگی ئەخمەن و دەسەلاتی سیاسی یان ، فەرهەنگی مادی ناو بە ناو و لێرە و لەوێ سەری هەلداوەتەوە و لۆ ماوەیەکی کورت دەسەلاتدار بوە . لێ دەسەلاتی سیاسی بە زۆری بە لای فەرهەنگی ئەخمەن و هاوشێوە و هاوهاوەکانیاندا شکاوەتەوە و خەلکی خاوەنی فەرهەنگی ئاریایی لە ژێر نیری ئەو دەسەلاتە نامۆ و ناتەبایانەدا ژیاوە و خوی پاراستوە . خالێکی بالکێش ئەوەسە کە هەرجارەی کە خەلکە خۆجێی یەکەی ئەم دەڤەرەی ئێمە بواری لۆ ڕەخساوە و دەسەلاتێکی گاورە ئانکو گچکەی ناوچەیی سازکردوە ، هۆکارێکی گاورەی دەرەکی داگیرکاری تەیار بە فەرهەنگی ئەخمەن ئاسایی وەکی عارەب و مەغوول و تورک و لەم دوایانەشدا ئیستعماری و ئیمپریالیستی سەرمایەداری ، بەرەنگاری بوونەتەوە و فەوتاندوویانە . لێدان و فەوتاندنەکەێچ بە شێوە و ڕێکارێ بووگە کە لۆ ماوەیەکی دوور و درێژ شێوازی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەلگای تاساندوە وەک لە مینای عارەب و مەغوول و سەفەوی وئیستعماردا دەرئەکەوێ . بابەتی ئەخمەن و ساسانی یەکان و عارەب و سەفەوی بە ڕاشکاوی ئەوە نیشان ئەدەن کە ئەوان شیوازی دەسەلاتداریان وەک ئایین و فرمانی یەزدانی ، بە شیر وتیر و خوێن ، بە سەر خەلکا داسەپاندوە .

شێوازی پاشاگەردانی ئانکو بە گوتەی ئیمڕۆژی فدرالی و کۆنفدرالی شێوازی باو و زالی ئاریایی بووگە بە پانتایی گۆی زەوی هەر لە هیمالایاوە هەتا چیای ئاندی لە ئامریکا . لەوانەیە هەر ئەم خالە هاوبەشە بێت کە هۆگرانی بە درێژایی مێژوو و بە پانتایی گۆی زەوی ، کەوتنەتە بەر پەلاماری شێوازی دژبەری تاکە کەسی و ناوەندخوازی ئاشووری و ئەخمەنی و ئایینی کریستان و ئیسلام و تەناەت زەردەشتی ساسانیەکان و لەم دواییانەشدا ئیستعمار و ئیمپریالیزم و کمۆنیزم و ئیستاش گلۆبالیزم چەکی کارای دژە ئاریایی بووگن کە لۆ مەبەستی سیاسی پێک هێنراون و دکار هاتوون . ئیمپراتوری ماد لە سەر بنەمای فەرهەنگی مادی و لە هەمبەر مەترسی دەرەکی ئاشوور دا دامەزرا وەک ڕێگاچارەیەک و ڕێکارێکی ئاریایی بۆ کێشەیەکی نائاریایی کە ئاشوورەکان نوێنەری بووگن . دواتریش پارتی یەکان ( ئەشکانیەکان ) هەمان ڕێچکە و ڕێکاری مادیان گرتە بەر و بە دامەزراندنی ئیمپراتووری ئەشکانی کۆتایی یان بە بالادەستی فەرهەنگی ئەخمەن و سلوکی کە پاشماەی یونانیی ئەسکەندەر بوون ، هێنا . ساسانیەکانیچ کۆتایی یان بە ئەشکانی هێنا و شێوازی ئەخمەنیان لە دەڤەرەکە ژیاندەوە وئەو دۆخەش هەتا ئێستا ژی درێژەی هەیە .

کێشەی ئێستای کورد وەک نەتەوەیەکی کەونئارا ئەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو کێشە مێژوویی یەوە و درێژەی کێشەی شیوازی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئاریایی یە جە هەمبەر شێوازی دژبەر واتە ئی دە ئاشووریەکان و ئەخمەنەکان و میراتگر و قورمیشکەرانیان وەک عارەب و مەغوول و تورک و عەجەم و بیرۆکەی پالەپشت کەریان وەک کریستان و ئیسلام و ئیستعماری و کمۆنیزم . ئاریشە و گرفتی کوردیش تەنیا هی کورد نیە بەلکو هەمان ئاریشە و گرفتە کە هاوفەرهەنگەکەی لە ئاستی جیهانی و بە درێژایی مێژوو تووشی هاتوون و دەستەویەخەی بووگن .

سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم خالێکی هەرە گرینگە لە پێوەندی وەگەرد ململامێی ئەو دوو شێوازەی ژیان بە گشتی . هەتا ئەو کاتە و دەمە خەلک لە ئاستی جێهانی دا ، بواری ئەوەیان هەبوو کە بە شێوە و شێوازی خۆیان بژین و باچ و خەراجی خۆیان بە دەسەلاتداری سیاسی نامۆ بدەن . شەڕی جێهانی یەکەم هۆکارێک بوو ئەڕای فەوتاندن و توانەوەی نەتەوەیەل و گەلانی جێهان و سڕینەوەی ئاسەواری فەرهەنگ و داب و نەریتی کەونئارا کە مینا کۆسپ و لەمپەر پەی پاوانخوازی پارەپەرەستانی جیهانی ئەخەملێندرا . لەورە پێ ڕا ، ئیدی تەنیا لێدان و شەڕ و خوێن بە تەنێ پەی ئێخسیر

کرنا مەردم بەکار نەئەهات بەڵکو هۆکاری فەوتاندن و توانەوەی فەرهەنگی نەتەوەکانێچی هاتە بان وفرە بە گەرمی و سووری وەبانی کار کردن و گەیاندیانە ئەم دۆخەی ئیمرۆی ئێمە کە زۆربەی خەلکەکە بە شیری داگیرکەر و بیرۆکەی ڕەنگاوڕەنگی نارەسەن و سازکراو فرچک دراون و نامۆ و ناتەبان وەگەرد مێژوو و مێژینە و فەرهەنگی ڕەسەنی نەتەوەیی یان . ئەم ڕەوتە نها بە شێوەیەکی پڕ مەترسی دار و دەرەتان و کەرەسەی فرە بەربڵاوتر ئەمەشێ .

دۆخی پاش شەری جیهانی یەکەم دۆخی گەشە و پەرەسەندنی خێرای سەرمایەداری بوو و پارەپەرەستان و سووخۆران پەلیان هاویشتە هەموو کەلێن و قوژبنێکی سەر گۆی زەوی . کۆمەڵگای مرۆڤایەتیچ هاوشان وەگەرد ئەم تایبەتمەندیەی سەردەم ، بە خیرای گەشەی کرد و چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان گۆرانکاری و جێگۆرکێی فرە بەرچاو و کاریگەریان بە خۆە بینی . دیسا خالەک ئا پڕ گرینگ لیگرە ئەوەسە کە کۆمەڵگا و نەخاسما کۆمەڵگای داگیرکراو وینەی کوردستان ، جە ولو دۆخێکدا گەشەیەکی گەلەک ناسروشتی بە خۆیەوە بینی و هیز و جێگە و پێگەی چین و توێژگەل کۆمەڵایەتی وەک پێویست و گوڕ پێداویستی کۆمەڵگا نەخەملان و دەور و کاریگەریی یان دیاری نەکرا . جە وەها دۆخێکدا گەشەی مێژوویی کۆمەڵایەتی پتر لەوەی کو بەرژەوەندی کۆمەڵگاکە دابین بکاتن ، بوە هۆی پاراستنی دەسەڵاتە سیاسی و ئابووریەکە ، نامۆ بە خودی کۆمەڵگاکە بوو . سروشتی سروشتیی و مێژوویی کۆمەڵگا لە گرێجنە ترازا و وەچەکانی بوونە بەچکە دووپشک و سەری دایکیان ئەخوارد . ژ بەر ڤێ چەندێ کو تێکرای دام و دەزگها ێن بەرێوەبەری و پەروەردە و سیاسی و کۆمەڵایەتی و وبەتایبەت ئابووری ، خڕ لە تاپۆی دەسەڵاتێک دا بووە کە ستراتیژی دوور و نزیکی ئەوە بووە کە شیرازەی مێژوویی کۆمەڵگاکە هەڵ تەکێنێ ، کۆمەڵگایەکی وەکی کوردستان بێ دەسەڵات و بێ بڕیار بووگە لە دیاری کردنی ڕەوتە مێژوویەکەی خۆی دا . هەر بۆیەشە کە بەرهەمی ئەو گەشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەی کە باسکرا بووگەسە سەرچاوەی ئاریشە و گرفتی هەرە قوول و کووری سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانی ئێستای ئێمە . بیرۆکە و هزرۆکەی سەیر و سەمەریش کەم نین کە بوونە هەوێنی ڤان ستراتیژێد پارەپەرەستین جیهانی . یەک ژ ڤان بیرۆکان ، بیرۆکەی کمۆنیزمە کە لۆ ساڵانێکی دوورو درێژ کۆمەڵگای جە خشتە برد و دژبەری سیاسی و ئابووری چین و تویژگەلی کۆمەڵگای گەیاندە ئاستی هەرە قوویل و لە ئاشتی نەهاتن . بەمەش ئیتر بوارێک ئەڕای کۆمەڵگا نەما کە چوونە کۆمەلگایەکی مرۆڤانە دەرووییەک لۆ ژیان ببینێتەوە و گوڕ سروشت و یاسای سروشتی کۆمەڵایەتی بژێتن .

## هۆرە و پوازی ناوخۆیی

هەر جە کۆنەوە ئەوە بە باشی ناسراگە و زانراوە کە لە هەر شەڕێکی سووردا ، تەنیا هێز و کەرەسەی شەڕی ئی دە خۆ بە تەنێ لۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتن ئەڕای هیچ لایەنێکی شەر بەس نیە . بژاردەی بەکارهێنانی هۆرە و پواز پەی کز و لاواز کردنی بەرەی دژبەر و ڕێگا خوش کردن بۆ باڵا دەستی هیزی خۆیی بە زۆری و بە سەرکەوتوویی یەوە دەکار هاتووە . هەیا پێش شەڕی جیهانی یەکەم کە کۆمەلگاکان وەک خۆیان مینا هۆکارێک بەربەست بووگن جە هەمبەر داکیرکاری دا ، ئەم بژاردەیە وەک فسۆس و سیخۆر دزەی ئەکرد ناو بەرەی دژبەر . لێ کاتێکە کە کۆمەڵگاکە بۆ خۆی لە ڕەوتی نارەسەنی گەشەی کۆمەڵایەتیدا کەرەسە و ئامێری دژ بە خۆی بەرهەم ئەهێنێ ئیدی دەوری فسۆس و سیخۆر گەلەک نزم ئەبێتەوە . جە وسا کۆمەڵگایەکدا هۆرە و پوازەکە لەو ڕەوتەی کە ئاماژە وەپێ هاتە کرن ، ژ پێشدا سازکراوە.

سەرمایەداری جیهانی نها ئیتر گەیشتوەتە ئاست و دۆخێک کە بەرهەمی ڕەوتی سەد ساڵەی بچنێتەوە و لە ئاستی جیهانیدا ئەوەی لۆ خۆی مسۆگەر کردوە کو لە هەموو شوێنێکدا هیزی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بابەتی خۆی پێ گەیاندووە و دکارێ گوڕ بەرژەوەندی خۆە وەپیان بلیزێ و لۆ ئادیۆلۆژی و بیرۆکەی سیاسیچ پەکی ناکەفێ . ئەگەر هەتا دوێنێ کمۆنیزم چەکی کارای بوو و ئێستا لە دەور کەفتگە ، ئیرۆ لیبرالیزم و دێمۆکراسی و بیرۆکەی ئایینی و چی و چێ دیکە

وەكار تێنێ . دام و دەزگای مەشاندنا ولۆ سیاستێک ژی ژ ڕۆژی ئیرۆ دا و بە بەكار ئینانا میدیا گشتی و كۆمەڵایەتیەكان ئیدی كارئاسانی تەواو و پێویستی لۆ ئەكاتن . بار و دۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری هەنووكەیی جیهانیی ئێمە گەلەک ئاڵۆز و تێک چرژاوە . فرە لایەنی و لێک گرێدراوی دیاردە كۆمەڵایەتی و سیاسی یەكان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا لە ئاستێک دایە کە تێگەیشتن و لێكدانەوەیان هاسان نیە ، سەرەڕای گرینگیان .

مێژووی سەد ساڵەی دوایی چین و توێژە كۆمەڵایەتیەكان و چۆنیەتی گەشە كردن و دەور و كاریگەریی یان ، هۆكارێكی سەرەكی یە كو دكار هێنانی هۆرە و پوازی ناوخۆیی ئەڕای نەیارانی مرۆڤایەتی ڕەخساندوە . هەر ئەم هۆكارەشە كە یەكیەتی و یەكانگیری كۆمەڵایەتی تێک ئەدات و دژبەریی چینایەتی ناوخۆیی بەرەو ئاست و دۆخێک دەئاژوێ کە دژ بە بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگا دەور ببینێ .

## ئەزموونی كوردستان

كوردستان وێڕای زۆربەی وڵاتانی داكیركراو ، وێنە و نموونەیەكی زەقی ئەو ئاریشە و گرفتە سیاسی و كۆمەڵایەتیە مێژوویيانەی سەردەمی ئێستایە . كوردستان هەتا پێش شەڕی جیهانی یەكەم وەک كورد و كوردستان ئەژیا و سەرەڕای تەوژم و زۆر و زۆردای گرانی مێژووییەكی دەوری ٢٥٠٠ ساڵە ، قەوارە و پەیكەری خۆی و فەرهەنگە كەونئاراكەی پاراستبوو ، بە سەركەوتوویی یەوە . گرینگی ئەم خاڵە لەوەدایە كە كوردستان بە بەیْ دەسەڵاتێكی سیاسی ئەوتۆوە ئەم فرمانەی لۆ ڕەخسا بوو . دیسا گرینگی مێژووی ئەم ئاكارەی كورد و كوردستان لەوەسە كە هەر لە سەرەتای هاتنە سەركاری ئەخمەنەكانەوە هەتا ئیرۆ فەرهەنگ و شێوە و شێوازی ژیانی ئەخمەن ئاسایی نەک هەر بە سەر كورد و كوردستانا بەڵكو بە سەر بەشێكی هەرە بەرچاوی جیهانیش دا زاڵ بووگە . ئاقاری گشتی ڕەوتی ئەخمەن ئاسایی ، ئاقاری زاڵی مێژووی مرۆڤایەتی بووگە و هێژ ژی درێژەی هەیە . ئارمانجا ڤێ ڕەوت ژی ئەوە بووە كە دەرەتانی ژیانی ئاسایی ئەرای فەرهەنگی مادی كەڤن نەهێڵێ . كورد و كوردستان دژ بەم ڕەوتە زاڵەی مێژوو ، خۆی پاراستوە ، ئەڵبەت گەرەكە ڤێ چەندێ ژی ببێژین كو باجێكی گەلەک قورسیشی داگە . گەلێ جار ئەبینرێ كە شیكارانی مێژووی كورد و كوردستان خۆیان لە قەرەی ئەم ڕاستیە مێژوویی نادەن و هۆكاری پاش مانی كورد لە دەسەڵاتی سیاسی لە هێندێک هۆكاری لاوەكی و ناوخۆیی و بچووكدا ئەبینن .

لەم بۆچوونانەدا بە تایبەت لە لایەن هێندێک كوردەوە لەم دواییانە ، كەسایەتی داڕووخاوی كوردی پاش شەڕی جیهانی یەكەم بەدی ئەكرێ كە بە سەر تێكڕای مێژووی كورد و كوردستانا ئەبرێت . دژ بەم بابەتە بۆچوونە ، پێدڤێ كو ببێژین كو كورد و گەوهەری كورد بۆ خۆی وەک ئەوەی كە لە مێژووی كۆن و نوێ دا بووە ، هۆكاری یەكەم و سەرەكی كورت هێنانی كورد لە دەسەڵاتی سیاسی بووە . بۆ نموونە گەر سەیری دۆخی پاش شەڕی جیهانی یەكەم و گەمە و بەزمی قرێژ و ناپاكانەی پەیمانی سیڤەر و لۆزان و پەیمانە ناوزڕاوەكەی سایكس پیكۆ بكەین لۆمان ڕوون ئەبێتەوە كە دیسان كورد و گەوهەری كوردی كە لە كەسایەتی سەركردەیەل كوردی ئەو كاتە وەک شێخ مەحموود و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ سەعید و سمكۆ بەرچاو ئەكەڤێ ، ماكی سەرەكی ڤێ بێ بەختی بووگە كو ژ كوردان ڕا هاتیە كرن . ئەگینا بە بەراوەرد كردنێچ بووت ، كورد نەک هەر هیچی لە عارەب و عەجەم و توركان كەمتر نەبوو بەڵكو ، بە بەیْ دەمارگیری نەتەوەیی ، بە سەریانیش دا ئەشكایەوە لە زۆر بارەوە ، تەناەت گۆڕ بۆچوونی ئەو خەڵكەی كە دژی كورد جووڵانەوە .

كورد و كوردستان بە وەها تایبەتمەندییێكی مێژوویی تایبەت بە خۆی ، كەوتە بەر شاڵاوی گران و پڕووكێنەری توانەوەی پاش شەڕی جیهانیی یەكەم . جە هەمبەر ئی دۆخدا ژی كورد بەر خۆ دا ژی ، بەرخوەدانەک گەلەک گران و ئەستەم .

دوژمنکاریی هەر هەمان دوژمنکاریی کۆنی ئەخمەن و قورمیش کەرانیانە کە هەتا ئیرۆ ژی درێژەی هەس . هۆکاریچ هەر هەمان هۆکارە کە لە سەردەمی ئەخمەن و بەتایبەت دارێوش و خەشایاری ئەخمەنەوە تۆمارکراوە و دووپات کراوەتەوە و ئیرۆ ژی تێتە سەدان جارە و بارە کردنەوە . جیاوازی دۆخی هەنووکەیی مە وەگەرد پێشینیانمان ئەوەسە کە بالۆرەی دوژمنکاریی گەوهەری مێژوویی کورد کە هەتا دوێکە هی دوژمنانمان بوو ، ئیرۆ بووگەسە بالۆرەی ناوخۆمان و پاشاخوڕانی داگیرکراویی کوردستان لێی ئەدەنەوە و خۆیان کردگەسە سەماکەر و سەپانی بێ خەلات و بەراتی ئەوان ، وەکو کە کوردەکەو ماچۆ .

وەکی لە دوژمنکاریە زەق و تایبەتیەکەی دارێوشی ئەخمەن وەگەرد پاشماوەی مادەکان دەرئەکەفێ ، هەر کاتێک کە کوردیەل چکە دەسلاتێکیان پێکەوە ناوە ، ئیدی ئەوان دوژمنانی مێژویوی کورد و گەوهەری کوردی ، خۆیان پێ نەگیراوە و بە هەموو هێزیکەوە لێان داوە . بە سەدان بەسەرهاتی وەکی کەلا دمدم دیسان ئەوە بە ڕوونی خویا ئەکاتن کە میراتگرانی دارێوشی ئەخمەن هەتا ئیرۆ ژی درێژە بەو دوژمنکاریە ئەدەن . وەک ئاماژە وەپی هاتە کرن ، ژ دۆخی هەنووکەیی مە دا ئیدی ئەو بابەتە دوژمنکاریە ئاوێتەی هۆرە و پوازی ناوخۆیی بووگە و بووگەسە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو دوژمنکاریە .

گەر واز لە مێژووی فرە کۆن بهێنین و سرنج بدەینە مێژووی نوێ و سەد سالی رابردووی دابەشکراوویمان ، لۆمان ساخ ئەبێتەوە کە هەر کاتێک بزاڤی کوردێنی لە بەشێکی کوردستان کارا بووە ، دەست و تیلی داگیرکەرانی کوردستان پەی لێدانی شۆڕشی کورد جە ناوخۆەوە بە گەرمە دەکاردا بووە ، چ بە کۆمەڵ و هەرەوەزی و گەلە کۆمەکی چ تاک تاک . پەیمانی بەغداد و سەعد ئاباد و سنتۆ لە ماکی دژە کوردی خۆیانا ڕەنگ دانەوەی ئەم ڕاستیەن .

سەرەڕای بەرێوەچوونی گشتی سیاسەتی توانەوەی پاش شەڕی جێهانی یەکەم ، کورد هێشتا پەیکەری نەتەوەی خۆ پاراستبوو و بەرهەم و ئاکامی ئەو سیاسەتە دژە مرۆیی یە هێژ نەگەیشبووە ئەو ئاستەی کە بکاربێ کۆسپەک گران سەر ڕێچکا کوردێنی ساز بکاتن . لێ جە ماوەی نێوان شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەمدا ، ئەو سیاستە قرێژە کاری خۆی کرد و لە سەروبەندی شەڕی جیهانیی دووهەم دا بزاڤی کوردێنی کەوتە بەر پەلامار و شالاوێکی نوێ کە ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ، بنەماکەی پێک هێنابوو .

هزری " خۆیی بوون " هەتا ڤێ چاخێ هزری باو و بالادەستی کوردایەتی بوو . تێکڕای جوولانەوەی کورد سەر داخازی و ڕێچکا خۆیی بوون دەمەشین و ڕزگاری کورد و کوردستان وەکی یەک نەتەوە و خاک و نیشتمان ئارمانجا وان بوو . باکوور ، لە بن دەستی فاشیزمی کامالیستیدا تاسا بوو . ڕۆژ ئاڤا ژی ببوە وارگەها مێرخاس و عەگیدێن کوردان و خوەش ئەمەشی . ژیلەمۆی شۆڕشی بارزان و سلێمانی ، باشووری بە زیندویی راگرتبوو . ژ ڕۆژهەلاتیش هێژ ژیلەمۆی بزاڤی سمکۆ گەرم و بەتین بوو . شەڕی جیهانیی دووهەم دۆخێکی تایبەتی لە ڕۆژهەلات پێک هێنا . ناوەندی بزاڤی کوردێنی کەفتە ڤێ پارێد کوردستان . " هیوای " باشوور بووە " ژ ک " لە ڕۆژهەلات . هەرتک ژی سەر ڕێچکا خۆیی بوون . بزاڤی ڕزگاری کوردی لۆ چەند سالێکی کورت خوەش مەشیا و گەشایەوە . لێ ، لۆ بێ بەختیا کوردان کارەساتی مێژووی دەستی پێکرد ، پاش ئەو چەند سالە کورتە . بزاڤی کوردێنی مینا بزاڤەک ئا دیرۆکی لە سەر ڕێچکا خوە ێن دیرۆکی هەڵدێرا و کەوتە ناو بازنەی نەتەوەی سەردەستی داگیرکەر . کۆمەڵەی ژ ک لە پێشدا و هیوا دواتر لەناو بران و بیرۆکەی نەزۆکی ئێران –عێراق – تورک – عارەب چیەتی جێگەی بیر و هزری کوردانەی خۆیی بوونی گرتەوە . وەکی سەرڕووتەکان ئووشن ، ناسیۆنالیزمی کورد بووگە پارێک ژ ناسیۆنالیزمی ناڕەسەن و دەسکردی دەوڵەتە دەسنیاکانی داگیرکەران کە بە هەڵە و بە هۆی تێ نەگەیشتوویی یەوە بە دەوڵەت نەتەوە  لە قەڵەم ئەدرێن . جێگە و شیاوی ڕامانە ژی کو ئاماژە بەوەش بکرێ کە هەڵەیەکی گرانی و مێژوویی " هیوا " لە ژێر سەرکردایەتی ڕەفیق حیلمی لە مەڕ شەڕی جیهانیی دووهەم و ئاقارەکەی ، ڕێگا خوەش کەر بوو ئەڕای ئەو کارەساتە مێژوویی یەی بە سەر کوردا هێنرا .

دوو هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی ئەم گۆڕانکاریە مێژوویی یان خۆلقاند . هۆکارە دەرەکی یەکە هەر هەمان هۆکارە مێژووییەکەیە کە لە سەردەمی ئەخمەنەکانەوە دەستی پێکرد و وەک باس کرا هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ گەوهەری کورد و کورد بوون . هۆکارە ناوخۆیی یەکە نوێ بوو و لۆ یەکەم جار بوو کە ئەو دەورە نەرێنیەی ئەبینی . ئەمەیچ گەشەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری کوردستانی ژێر دەست و داگیرکراو و سیاسەتی جێهانیی نوێ ئەڕای توانەوەی نەتەوەکان پێکی هێنابوو . کمۆنیزم و سەرمایەداری داگیرکەری کوردستان لەو ڕەوتەدا هاو ستراتیژی و هاودەنگ و هاو بیر و بۆچوون

بوون . ئەزموونی کوردستان دەری ئەخاتن کە کمۆنیزم ، بە تایبەت هی رووسی ، دەوری یەکەمیان بووە لەو کارەساتەی بە سەر بزاڤی نەتەوەیی کوردا هاتوە ، وەک لە زۆر نەتەوەی دیکەشدا هەمان دەوری گێرا .

## ماک و ڕەوتی کارەساتەکە بە کورتی

وەکی کە گوترا ، لایەنی باش و نەباشی بزاڤی کوردێنی لەو شوێنە زەق ئەبێتەوە کە بزاڤەکە تێیدا کارایە . بزاڤی کوردیچ گۆڕ سروشتی ژیانی کورد ، هەیا شۆڕشی خۆیی بوون و پاشانیش شۆڕشی بارزانی گاورە جە باشوور (١٩٦١ ) ، بە پڕانی مۆرکی ناوچەیی و خێڵەکی پێوە بووە . لێ وەکی پێوەندی هەمزەئاغای مەنگوڕ وەگەرد شێخ عەبەیدوڵا و هەر وسا ژی پێوەندی شێخ عەبدولسەلام بە سمکۆو شێخ مەحموود ڕا ، ئاشکرا کەیت ، بزاڤی کوردی جە جەوهەری خۆیا نەتەوەیی و گشتی و گشت گیر بووە . کۆمەڵەی ژ ک و دواتر کۆماری مهاباد و چەند ساڵی بەرایی شۆڕشی بارزانی ( ئەیلوول ) ئەم ڕاستی یەی شۆڕشی کورد پشت ڕاست ئەکەنەوە . لەم سۆنگەوە دکارین بووشین کە دەوری ئەرێنی و نەرێنی لایەنە باش و نەباشەکانی شۆڕشی کورد گشت گیر بووگن . کارەساتێکە کە لە مهابادەوە سەری هەڵدا و دەستی پێکرد ، بووە ماڵ بە سەر تێکڕای کۆمەڵگای کوردەواریەوە .

شکانی ئاڵمانیای نازی ، ئاقاری سیاسی " هیوا "ی لە شەڕی جیهانیی دووهەم تووشی ڕووخان و داتەپین کرد و بواری ژیانی سیاسی لە هیوا بڕی . ئەو قەیرانەی هیوا ، کۆمەڵەی ژ ک یشی تەنییەوە ، سەرەڕای هەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندی بەربڵاو و لە پێش دا نەبینراوی ژ ک لە بزاڤی کوردێنی . پاش ئەزموونی خۆیی بوون و پێش شۆڕشی بارزانی گەورە ، کۆمەڵەی ژ ک خۆی لە خۆی دا بزاڤێکی کوردێنی کوردستانی بوو و تەنانەت هەر ئەم ئاکارەش بوو کە ئەو دۆخ و ناوەرۆکە کوردستانی یەی سەرەتای شۆڕشی باشووری لە سەرەتای ٦٠ ەکانا پێک هێنا .

هەر لەم پێکیەش ، ئەوتایبەتمەندیەی کۆمەڵگای کوردەواری ، کارەستانەکەی مهابادی گواستەوە بۆ باشوور . ماکی کارەساتەکەش ئەوە بوو کە کورد بە گشتی نەی توانی ڕێگاچارەیەکی لەبار ئەرای قەیرانی سیاسی پاش شەڕی جیهانیی دووهەم بدۆزێتەوە و کەم و کووڕی و هەڵە و پەڵەی پێشووی خۆی چار بکات . ئا لە وەها دۆخێکدا کە هزری کوردێنی تووشی دەستەوسانی و شکان هاتبووە ، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان دەس لە ناو دەست و پێکڤە و لە سەر بنەما و بە پاڵەپشتی دۆخی شکانی نازی و سەرکەوتنی سۆڤیەتی کمۆنیست و ڕۆژئاوای سەرمایەداری ، دژ بە بەرژەوەندی مێژوویی نەتەوەیی کورد کەوتنە گەڕ و بزاڤی کوردێنی یان لەبار برد .

وەکی کە گوترا ، هۆکارە دەرەکیەکە هەر هەمان هۆکاری کۆنی دوژمنکاری کورد بوو بە زمان و بەرگێکی نوێوە . بەرەی سەرمایەداری هەر هەمان بەرەی کۆنی لۆزان و سیڤەر و سایکس پیکۆ بوون . بەرەی کمۆنیستی ستالینیچ چتێکی لەوان کەمتر نەبوو وەک لە هەڵوێست و گوتە و کردەکانی باقرۆفەوە خویا ئەبێتن . بەڵام ئا لەو دەمەدا یاریکەرێکی نوێی ناوخۆیی هاتبووە مەیدانەوە کە ئەویچ توێژی تازەپێگەیشتووی شاری بوو کە بە دوور و تەنانەت لەدژی بیر و هزری باوی کوردەواری ، بە شێری ئادیۆلۆژی و بیرۆکەی داگیرکەران فرچک درابوو . ئەم دیاردەیە بەرهەم و ئاکامی ئەو ڕەوتەیە کە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم لە دژی نەتەوەیەل و گەلان دەستی پێکردبوو . خاڵی سەرنج ڕاکێش و جێگە ڕامان ئەوەسە کە ، بەبەراوەرد ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان فرەتر و کاریگەرتر بەر ئەو شالاوی توانەوەی پەیکەری نەتەوەیی کەوتبوو . سەرەڕای شۆڕشی سمکۆ و قەدەم خێر و کانی سانان و جووڵانەوەی مەلا خەلیل و هۆمەر پاشا و زۆرێکی دیکە سەربزێوی بچووکی کوردان ، میرزا شاریی یەکانی ڕۆژهەڵات گەلێک لە هاوتاکانیان لە باکوور و باشوور و ڕۆژئاڤا فرەتەرتەر عەجەمێندرابوون ، ئەویش عەجەمی بابەتی ڕەزاقولی مەیتەر ئانکو مەیتەر قولی وەک لە ناو کوردانا باو بوو . هەر ئەم دیاردەش بووە ئامرازێک کە نەیارانی کورد بە باشی دکاریان هێنا و تێشیدا سەرکەوتن . لێگرەوە پێڕا ، ئیتر دژبەری و ناکۆکی و ناتەبایی کەوتە ناو ڕیزی بزاڤی کوردێنی و لە ڕەوتی خۆیا هەتا

ئەهات قووڵ و قوویڵ تەرتەر ئەبووەوە . لە مهابادی سەردەمی پێش و پاش کۆمار هەتا کوودەتاکەی قاسم لە عێراق و گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان ، میرزا و خوێندەوارانی شاری باڵا دەست بوون و هەڵپەی ئەوەیان ئەدا کە بزاڤی کوردێنی پارچەپارچە بکەن و بیبەستنەوە بە بزاڤی دێمۆکراتی وڵاتانی سەردەست و تێشێدا تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتن. هۆی سەرکەوتنەکەیشێان ئەوە نەبوو کە بزاڤی بە ناو چەپ و دێمۆکراتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ماڵێکیان پەی کوردان ئاڤا کردبێ و بەرژەوەندی خۆیان لەو بابەتە تێکەڵیە ، تەنانەت وەگەرد ئەو بابەتە کوردەوە بینیبێ . بەڵکو گەمەکە ئەزڤرێتەوە لۆ گەمەی کمۆنیزمی سۆڤیەت و ستراتیژی سیاسی ئەوان لە ئاستی جیهانیی و ململانێ یان وەگەرد بەرەی سەرمایەداری ڕۆژئاڤا و بیرۆکەی کمۆنیستیش ، ئەویچ بابەتی توودەیی یانەی عەجەمان و شیوعیانەی عارەبان پاساوکەری ئەو بەزمە بوون .

گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان لە ١٩٥٨ دا بووە هۆی ئەوە کە بیر و هزری کەڤن ئا بەرێ ین کوردێنی گیانێکی بێتەوە بەبەرا و بزاڤا کوردێنێ دیسا بزڤرێتەڤە سەر ڕێچکا خوە ئا ڕەسەن . ئەمەێچ بەو واتایە کە دیسانەوە دژبەری بیر و هزریی و چینایەتی چین و توێژەکانی کوردستان بە تازە و کۆنەوە کارا بێتەوە و شەڕی باڵادەستی دەستی پێکرد . زۆری نەخایان کە کلکایەتی کورد بە کمۆنیستی عێراقی کۆتایی پێهات . ئی دە ڕۆژکەڵات ژی دەستی پێکرد و ئەحمەد توفێق ، قاسملووی توودەیی لە حزبی دێمۆکڕات دوور خستەوە . هەر دوو بەرەی کۆن و نوێی سیاسی ئەو کات لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی گاورەدا یەکانگیر بوون و پێکڤە ئەمەشین . خاڵێکی گرینگ و وانەیەکی مێژویی شیاوی سرنج و ڕامان . مەترسی قاسم و کوودەتا ڕووسیەکەی لۆ وڵاتانی دەوروبەر نەخاسما ئی دە عەجەمان و ڕژیمەکەی قولیزادە و ئی دە جیهان ژی ، بووە هۆکارێک کە دژبەری و دژایەتی بەرەی کمۆنیستی و سەرمایەداری و هەروەتریش دژبەری کمۆنیزمی عرووسان وەگەرد ئی دە چینی بۆ کوردستان بگوێزرێتەوە و بزاڤی کوردی تووشی دۆخێکی گەلەک سەخلەت و ئاستەم کرد . کورد بە گشتی لەم دۆخەدا نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و زۆری نەخایاند کە تووشی دووبەرەکی و شەق بوون بوو . هاوسەنگی هێزی ناوخۆی کوردستان و هەروەتریش هۆکارە دەرەکیەکان لە ئاستێکدا نەبوون کە بکاربن ئاریشەی ناوخۆیی بزاڤی کوردی یەک لا بکەنەوە . هەر دوو بەرەی ناوخۆیی پشت بە هێزی ناوخۆیی خۆیان و هۆکاری دەرەکی گەیاندیانە بەزمی بەکرەجۆ و شەڕی ناوخۆیی خوێناوی و کارەساتاوی و مال وێرانکەر . کارەساتەکەی مهاباد لێگرە و لەو دۆخەی باشووردا فرە گران بە سەر کوردا شکایەوە و لەو ئاستەدا بنەمای ئاریشەیەکی فرە قوویل و خوێناوی بەدی هێنا کە لۆ ساڵانێکێ دوور و دریژ بزاڤی کوردێنی تووشی قەیرانێکی قووڵتەرتەر کرد و هەتا ئیرۆ ژی درێژەی هەیە. هەر دوو بەری دژبەری کۆمەڵگای کوردەواری هەتا ئێستاش لەوە تێ نەگەیشتوون کە ململانی و دووبەرەکی نێوانیان راست و دەق ئەو دۆخەس کە داگیرکەرانی کوردستان و لە پێش هەمووشیانەوە ئی دە عەجەمان هەوڵیان لۆ داوە و لۆی ئەدەن . هۆکاری سەرەکی وەها گرفتێکی گران ئەوەسە کە بزاڤی کوردی جە باشوور کارا بوو پاش کوودەتاکەی قاسم . کارا بوونی بزاڤی کوردیچ لە هەر بەشێک بەو واتایە کە دێر ئانکوو زوو ، نەیارانی کورد وەخۆ ئەکەفن و تەون و پیلانیان وەگەڕ ئەخەن . ئەمەیچ خاڵێکە لە مێژووی نوێی کوردستان کە لەوانەیە زۆر سرنج و بایەخی پێ نەدرابێ .

## ڕاپەڕینی باشوور ، خاڵی وەرسووڕانی مێژوویی کورد

ڕاپەڕینی باشوور پاش شکانی بەعسی عێراقی لە شەڕی یەکەمی کەنداو ، یەک لەو ڕووداوە هەرە گرینگانەی سەدەی ڕابردووە کە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی بەرەو ئاستێکی بەرز و باڵاتر هەڵدا . ئەو هەوڵە شۆڕشگێڕانەی کوردانی باشوور ، یەکەم هەنگاوی سەرکەوتوانەی کوردە بە گشتی کە بزاڤی نەتەوەیی کوردی بەرەو ڕێچکە و ڕێبازی مێژوویی خۆی وەرسووڕان ، پاش کارەساتی هەڵدێرانی مهاباد . ( لێکۆڵینەوەیەکی بەراوەردکاری لە ڕاپەڕینی باشوور و ئی دە ڕۆژهەڵات لە کاتی ڕووخانی قولیزادە ، هەم پێویستە و هەمیچ ئەرکە و ئەرکێکی مێژووی لۆ ئاکادیمیای کوردی ) . دۆخی

پاش ڕاپەڕین و گۆڕانکاری هاوسەنگی هیز لە ناوچەکەدا ، بواری فرەتەرتەر ئەڕای پێشکەفتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد خوەش کرد . باشوور جارەک دن وەکی جاران بویتە ناوەند و مەکۆی کارای کوردێنی . دیسا ، جارەک دن وەکی جاران ، ئاشی پێلانگێڕی و تەون و تەپکە نانەوەی نەیارانی کورد و داگیرکەران لە دژی کورد و کوردستان کەوتە گەڕ . یاسا و ڕیسا هەر هەمان بەزمی گۆڕین و ئا کەڤن . کوردەکەو ماچۆ ، بێستان بێ سەرە کەر نابێ ئانکو خەرمان بێ سەرە خەر نابێ .

ئاست و شێوە و شێوازی دوژمنکاری داگیرکەرانی کوردستان لە هەر قۆناخ و بڕگەیەکی مێژووی دا بەندە بە ئاستی گەشەکردن و پەرەسەندنی بزاڤی نەتەوەیی کوردوە . کاردانەوەی تورک لە باکوور و عەجەم لە ڕۆژهەلات و عارەب لە ڕۆژئاڤا و باشوور جە هەمبەر سەرهەڵدانی شار و شارۆچکەیەلی کوردستان و تەنانەت سەربزێوی و جوولانی بچووک و بەرتەسکی کوردان ، هێرش و پەلاماری وێرانکاری و تێکدان و کوشت و بڕی هۆڤانانە بووە . کاردانەوەی بەعسی جە هەمبەر یەکەم ڕاپەڕینی باشوور ، ئەو هێرشە هەمەلایەنەی سپا شکاوەکەی بەعس بوو کە بوە هۆی کۆڕەوەکەی باشوور کە دەنگدانەوەی جیهانی هەبوو و بواری ئەڕای ڕاپەڕینی تەواوکەری باشوور رەخساند . هەر لەم پێکیەش، لە شۆڕشی بارزانی لە باشوور ، کاتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە ئەو ئاست و پلەیە لە کارامەیی سەربازی و پێشمەرگایەتی کە سپای عێراقی پێی نەدەوەستا ، وەک لە شەڕی هەندرێن دا بە ڕاشکاوی دەرکەوت ، ئیدی دوژمنی کورد بە هەڵس وکەوتی خۆی جە هەمبەر کوردا چووەوە . ( پەیمانی ١١ ئازار و پەیمانی ئەلجەزایر پێوەندیان بەم ڕاستیەوە هەیە ) . هەر لەم پێکی یە ، شەڕی قەیوان ماوەت لە لایەن پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە ، دەری خست کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چێدی ئەو پۆلە پێشمەرگە نیە کە دەس بوەشێنێ و خۆی وەشێرێ . شەڕی قەیوان ماوەت بەرزترین ئاستی هەڵدانی پێشمەرگەکانی یەکیەتی بوو کە لەلایەک ئاستی بەرز و کارامەی پێشمەرگەی ئەسەلماند و لە لەیەکی دیکەیچەوە بەعسی سەدامیی سەر شێت و هار کرد . شەڕی خواکورک لە لایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە ، بە هەمان شێوە خویا کرد کو هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتگەسە ئاستیک کە سپای دڕ و هۆڤانی بەعسی پێی نەدەوەستا .

ئەو دوو شەڕە گاورە و گران و گرینگەی پێشمەرگەی کوردستان زراوی بەعسی سەدامیی توقاند و لەو پەڕی ترسەنۆکی و بوودەڵەیان پەنایان بردە بەر ئەنفالە ناو زڕاوەکەیان لۆ مەبەستی لێدانی ژێرخانی بزاڤی نەتەوەیی کورد و هێزی پێشمەرگە . ڕاپەڕینە مەزن و مێژوویی یەکەی باشوور ستراتیژی کۆن و نوێی عارەبی داگیرکەی کوردستان بە بەعس و نا بەعسەوە ، بە تەواوەتی پووچەڵ کردەوە . دیاردەیەک وەک ڕاپەڕینی باشوور ، دیاردەیەکی مێژوویی بوو کە ڕوودانیان دەگمەنە و کاریگەریان مێژوویی . کورد کورتی هێنا لە تێگەیشتن و هەڵس و کەوت وەگەرد ڕاپەڕین . ئەمەیچ دەگمەن نیە لە مێژووی کوردا . هەلی زێڕینی ڕووخانی ڕەزا قولی و دواتر شاربەدەرکردنی قولیزادەی کوڕی لە سەروبەندی هەرای محەمەدی موسەدیق و لەمانەش زەقتر ڕووخانی ڕژیمەکەی قولیزادە لە ئێران لە بەشی ڕۆژهەلات وەک پێویست کەڵکی لێ وەرنەگیرا و کوردی ڕۆژهەلات بەرآستی فرە کورتی هێناوە لە مێژووی خۆی دا . ڕووخانی پاشایەتی لە عێراق یەکێک دن ژ وان هەلێن دیروکیە کو کورد کەڵکی باش و بەرچاوی لێ وەرگرت . وسا تێتە خویا بوون کو بەشی باشووری کوردستان هەم ژ ڕووخانی پاشایەتی عێراق و هەمیج ژ دۆخی پاش ڕاپەڕین کێشی ئەوەی ، بە پێچەوانەی ڕۆژهەلات ، هەبووە کە بڕە دەسکەوتێکی مێژووی ئەرای مەردم کورد دەستە بەر بکاتن . ئەمەیچ بەرهەمی گەشەی مێژووی دەیان ساڵەی ڕەوتی ڕەسەنی کوردێنی یە جە باشوور ، ئانکو جێگە پەنجەی شۆڕشی شێخ مەحموود و شێخ عەبدولسەلام و مستەفا بارزانی و دواتر یەکیەتی و پارتی ( مام جەلال و مەسعود بارزانی مینا تاک ) یە بە مێژووی کوردەوە .

لە دۆخی مهابادی پاش شەڕی جیهانیی یەکەم بۆ ساڵانی دەسەڵاتی موسەدیق لە وێشەوە بۆ هەل ومەرجی پاش کوودەتای قاسم ، هەتا دۆخی پێش و پاش ڕووخانی قولیزادەی عەجەمان ، هەتا ئەگاتە دۆخی پاش ڕاپەڕینی باشوور و تا ئەگاتە دۆخی هەنووکەیی کوردستان ، بەرەی شاری و توێژی مام ناوەندی دەریان خست کە کێشی ئەوەیان نەبووە و نیە کە هەل و دەرفەتی مێژوویی بناسن و پەی بەرژەوەندی مێژوویی کورد کەڵکی لێ وەربگرن . گرفتی سەرەکی ئەم هێزە کۆمەلایەتی یەی کوردستان ئەوەسە کە بڕوای تەواویان بە دۆزی نەتەوەیی کورد نیە و بە هزری نەتەوەیی ، تەنانەت ئی دە کوردێنی دە پێشکەوتنخوازانەش ڕانەهاتوون و وەلی دوور بووگن . خەڵکێکە کە تێکڕای شۆڕشی کوردێنی ڕۆژهەلاتیان

کرده قوربانی ئەڕای کمۆنیستی عەجەمان ، خەڵکێکە کە دۆزی کوردی پەی ئارمانجا کمۆنیستی تورکی ژ باکوور بەکار ئانیە ، خەڵکێکە شۆڕشی کوردی لۆ ئارمانجی پرولیتاری بەغدا و شام بەلاوە گرینگ بوو ، خەڵکێکە لە کونفرانسی دووی کۆمەڵەکەیان بە شانازی یەوە سرووودی ئەی ڕەقیبیان " ترۆ" ئەکرد ، خەڵکێکە هێما و نیشانە نەتەوەیی یەکانی کوردی پێ دواکەوتوویی یە ، کێشی ئەوەیان وەلی چاوەڕوان ناکری کو ئاکار و کردەی مێژوویی یان لێ بوەشێتەوە بۆ کورد و کوردستان . ئەم هێزە کۆمەڵایەتیەی کوردستان هێژ چەق و دەقی کارەستاەکەی مهابادیان نەشکاندوە و گیرۆدەی بیرۆکەی ناکوردانەی بەرێن . هەر ئەم هێزەش بە ولو ئاکار و تایبەتمەندیەوە ئیرۆ بووگەسە سەرجاوەی کەمایەسی و ئاڵۆزی و قەیرانی ناوخۆیی کوردستان . تایبەتمەندی ئەم هێزە ، قەیران سازی بووگە هێژ ژی قەیران سازە وەکی ئیرۆ بە زەقی ئەبینرێ . سەرکردایەتی کوردیچ جە کۆن ڕا هەیا نها نەکاریە کو چارەک ێن گشتی و دیرۆکی ژ ڤێ ئاریشە وەبینێ . ( ئەزموونی یەکیەتی نیشتمانی جە باشوور و کاریگەریەکانی لەم پێوەندیە دا دواتر گەنگەشە ئەکرێ ) . ئەم دۆخە هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا بواری ئەڕای نەیارانی کورد خۆش کردگە کو پەی بەرژەوەندی داگیرکەرانەی خۆیان بەوپەڕی تواناپانەوە و بە بەربڵاوی و بە ئاشکرا کەڵکی خراپی لێ وەرگرن .

# ڕاپەڕینی باشوور و تەون و تەپکەی عاەرب و عەجەم و تێروری ئیسلامی لە دژی کورد

### ١ ـ یەکانیگیریی ناپیرۆزی عارەبی بەعسی و عەجەم و ئەلقاعدە

وەک لە سەروبەندی پەیمانە نگریسەکەی ئەلجەزایر دا بینرا ، عارەب واز لە عرووبە دێنێ و عەجەم واز عەجەمایەتی و بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستانەی تازی لە مەڕ عەرب ئەهێنێ ، هەر کات دۆزی کورد وەک مەترسی ئەڕای بەرژەوەندی داگیرکەرانەی خۆیان ببینن . پەیمانی ١١ ئازار و دەسکەفت گەلی گەلی کورد جە باشوور نە بە عەجەم و نە بە عەرەب قووت ئەدرا و هەر دوو لایەنی بە ڕواڵەت دژبەر بوونە یەک و دژی کورد جووڵانەوە .

ڕاپەڕینی باشوور و دەسکەفتەکانی ئەڕای مەردم کورد لە بار دۆخی نوێ دا ئەم دیاردە دزێوەی یەکانگیریی داگیرکەرانی کوردستانی ژیاندەوە ، لە ئاست و ڕادەیەکی گەلێ سەیر و سەمەرتر و چاوەڕان نەکراوی تردا . عارەب و عەجەم لۆ ماوەی ٨ ساڵان لە شەڕێکی خوێناوی و هۆڤانانە لە دژی یەک و دوو بوون و چ یاسا و ڕێسای مرۆڤانە و ناو نەتەوەیی نەما نەیشکێنن و هۆڤانەتیان گەیاندە ئەوپەڕی خۆی . سەرەرای ئەو مێژووە پیس و قرێژەی نێوان عارەب و عەجەم ، دیسان هەر تکیان لە دژی کورد یەکانگیر بوون . وەکی مە پێشتر ئاماژە وەپی کردمانە ( لە نووسراوەیەکی دیکەدا ) ناسیۆنالیزمی بەعسی عەرەبی هەرەسی هێنا و عرووبە زڤڕیە سەر بیرۆکەی ئایینی عەرەبی – ئیسلامی . بەعسی سەدامیی دۆڕاوی ململانێی سیاسی و سەربازی ئەوکات بای دایەوە سەر سەرچاوی ئەنفالەکانیان لە دژی کورد . لەم بادانەوەدا بەعس و تێروریزمی ئیسلامی وەهابیگەری و ئەلقاعدە یەکیان گرت . یەکانگیریەکەشیان ، یەکانگیری گورگانە بوو و هەر دوو لا کەڵکیان لە یەکتر وەرئەگرت و خۆیان لۆ ڕۆژێک تەیار ئەکرد کە سەری یەکتر بخۆن . ئارمانجی یەکەم وسەرەکی عەرەبی بەعس و ئەلقاعدە و عەجەم لەو کاتەدا کوردستان و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی باشوور بوو .

پشت بە ئاسان کاری بەعسی ، وەهابی یەلی ئەلقاعدە لە سەر شێوازی ناسراوی خۆی کەوتە کار و ژمارەیەک ڕێکخراوی بچووکی ناوچەیی لە کوردستانا پێک هێنا و ژمارەیەک خەڵکی بابەتەی خۆی بۆ ناو ئەو ڕێکخراوانە هەڵخڕان . پاشان ئەو خەڵکەی بەرەو ئەفغانستان برد و ڕاهێنانی پێویستی تێروریستی پێ کردن و دواتر ئەوانەی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و لە سەر ناوچە سنووریەکانی هەڵەبجە دای نان . ئەم ئامادەکاریەی ئەلقاعدە لە ١٩٩٢ وەە هەتا ٢٠٠١ خایاند و بە پێکەوە نانی ئەنساری ئیسلام لەو دەڤەرە کوتایی هات . ئەنسارەکان کە بەشی زۆریان کورد بوون و بڕە عارەب و ئەفغانیشیان لەگەڵدا بوو ، بەشێک لە دەڤەرەکەیان دابڕی لۆ خۆیان و لۆ یەکەم جار ئەمارەتی ئیسلامی داعشیانەیان پێکەوە نا . ئەنسار لە سەر فیتی بەعسی و عەجەم ، دوژمنکاریی داعشیانەیان لە دژی کورد دەس پێکرد . ئەمارەتەکەشیان ئەمارەتی عەجەم و عەرەب و ئەلقاعدە و بەرهەمی هاوبەشی ئەو سێ لایەنە بوو . یەکانگیری و هاوئاقاری شێعەگەری سەفەوی عەجەم و وەهابیگەری عارەبان لە دژی کورد ، مەشیا ببوایەتە وانەیەک دن ێن دیرۆکی پەی کوردان . کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی بە ناوەرۆک و ماکی مێژوویی و دێمۆکراتیکی یەوە ، لە سەروبەندی سەرهەڵدانی شێعەگەری سەفەویی عەجەمان و وەهابیگەری عەرەبان و هۆگرانی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانلی ، دیاردەیەکی ناتەبایە وەگەرد ئەو ڕەوتەیە کە تێکڕای دەڤەرەکەی گرتوەتەوە و کوردستانەکەی ئێمەیان لە هەموو لایەکەوە و لە هەموو بوارێکەوە گەمارۆ و ئابلۆقە داوە . خانی ئووشت :

بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان کورمانجیە بویە شوبهێ بورجان

ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن کورمانج هەمی ل چار کەنارن

هەر دوو تەرەفان ، قەبیلێ کورمانج بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج

......

ئەڤ قولزومێ ڕووم و بەحرێ تاجیک هندی کو بکەن خروج و تەحریک

کورمانج دبن ب خون مولەتەخ وان ژێک ڤە دەکن میسالێ بەرزەخ

---

ئەوەی کە چۆن ئەنساری ئەلقاعدە بواری خۆسازکردن و داگیرکردنی بەشێکی هەرچەند بچووکیش ، لە کوردستانی باشووری لۆ ڕەخسا ، جێگە ڕامانە و ئێستا لە سەرچاوە زانیاریەکانا دیاری کراوە . لۆ هەر کەسێک کە لەو زانیاریانە بگەڕێ ئەتوانی دەستی پێ ڕابگات لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئینترنێتەوە . ئەو تاقمە سەرلێ شیواوەی باشوور و ڕۆژهەڵات کە بە ناوی ئیسلام و شەڕ و " جیهادی " دژی کمۆنیزم لە ئەفغانستان کەوتبوونە ناو داو و تەونی عەجەم – بەعسی – ئەلقاعدە ، هۆکاری سەرەکی دەس پێڕاگەیشتنی ئەلقاعدە بەو دەڤەرەی کوردستان بووون . بە بێ ئەوانە نە بەعس و نە ئەلقاعدە بواری خۆ خزاندنە ناو دڵی کوردستانیان نەبوو . گەمەی شەق بردنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە سەر بیانوی نزیکایەتیان وەگەرد یەکیەتی نیشتمانی ، چەواشەکارییکی ئاشکرا بوو لۆ خاپاندنی چاوەدێران و سەرلێ شێواندنیان، بە فیتی ئەلقاعدە و ڕێکاری فێڵاوی خۆ حەشاردانی ئەو تاقمە ڕەشەکوژە .

خاڵێکی گرینگ لەم پێوەندیەدا ئەوەسە کە بزانرێ کە ڕاپەڕینی باشوور وەک ڕووداوێکی دیرۆکی هەست و سۆزی نەتەوەیی کوردی فرە بەرز کردەوە و گیانی کوردێنی کردە گیانی ڕۆژ و ژیانی کوردەواری . پرسەکە ئەوەسە کە ئەرێ ئەوە چۆن چۆناهی لۆ ئەلقاعدە لوا کە لە وسا دۆخێکی کوردانەدا تاکی کورد ، لە ناویشیانا تەنانەت کەسی وای تێدا بوو کە لە بنەماڵەی پێشمەرگەی دێرینی کوردستان بوو ، بەرەو ئەلقاعدە ڕاکێش کران . وەرامەکەش ئەوەسە کە یەکەم : ئەلقاعدە بە ناوی ئەلقاعدە کاری نەئەکرد بەڵکو وەک ڕێکاری تایبەتی خۆی ژمارەیەک سازی ئایینی ئیسلامی ساز کردبووە و تەنانەت

بابەتە بیرۆکەیەکی خاپێنەری کوردانەی ئیسلامیچی ئاوێتە کردبوون ؛ دووهەم : کاریگەری و دەس تێوەردانی ڕاستەوخۆی مەلا سەفەویی یەکانی عەجەمان و هەڵەی سیاسی و مێژوویی هێزە سیاسی یەکانی باشوور ، هەر زۆر زوو بواری ئەو دەس تێوەردانەی مەلای عەجەمی پێک هێنا و دۆخی دووبەرەکی و ئاڵۆزی و شەڕی ناوخوییچ ڕەوتەکەی خێراتر و کاریگەر تر کرد و ئاکامەکەشی بەوە شکایەوە کە دیاردەی ئیسلامی سیاسی بە سەر دۆخی سیاسی کوردا داسەپا . سەرکەوتنێک ئەڕای شیعەگەری سەفەوی و دوژانیک پەی بزاڤی کوردی کە هەتا ئێشتاس پێوەی ئەناڵێ . ئەمەش بنەمای ئەو دۆخەیە بە کورتی کە دواتر ڕێگای لۆ ئەلقاعدە خۆش کرد تاوەکو بە هاوهاویی وەگەرد ڕژێمی سەفەویی مەلای عەجەمان و ڕژیمە دوڕاوەکەی بەعسی سەدامیی ئەو ئاریشە قووڵە پەی مەردم کورد و بزاڤە نەتەوەیی یەکەی ساز بکات. کوردیش بە گشتی باجێکی قورسی دا و بێجگە لەو ئازارەی کە خەڵکە یەخسیرەکەی دەڤەرەکە بە دەس تێروریستە ئیسلامیەکان چەشتیان و بێجگە لەو ژمارە قوربانیەی کە بە دەس ئەو ڕەشەکوژانە شەهید بوون ، سامانە ڕۆشنبیریە مێژوویی یەکەی بیارە و تەویڵەش بە تالان برا و گوایە لای عەجەمان گرساوەتەوە .

گرفتی ڕەشەکوژانی ئیسلامی ژ کوردان را ، هەر بەمەشەوە نەوەستاوە و گەلێ بەرفرەتر و گاریگەرترە . ئەو داعشەی کە ئیرۆ وەک سەرجەم کۆی وردکە ڕێکخراوە تێروریستی یەکانی پێشووی ئەلقاعدە زەق بووەتەوە ، دەستی کارای لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری هەیە کە پاشماوە و پاشاخوڕی ڕەوتی کار و کردەی پێشوویانە . ئەمەش خاڵێکی زراڤە کە ئەشێ دەزگای پاراستن و ئاسایشی کوردستان و هەروەتریش ئی دە وڵاتانی دیکە نەخاسما ئامریکا و ڕۆژئاوایی یەکان سرنجی تایبەتی بدەنێ . بڵاوە کردنی ئەنسار و گۆڕانی ناویان لە ئیسلامە بۆ سوننە تەنیا گەمەیەکی دژە فسۆسی ئەلقاعدەیە لۆ تەفرەدانی دەزگا ئاسایشی یەکان . ئەنسارەکان لەو بڵاوە پێ کردنە تاکتیکی یەدا ، وەکی ئاماژە وەپێ هاتە کرن خۆیان خزاندە ناو کۆمەڵگای کوردەواری و کاروباری پێی سپێردرویان درێژە پێ ئەدەن . خاڵیک دن ژ مەر تێروریزمی عەرەبی ئیسلامی داعش ئەوەسە کە ئەوان بە گوێرەی مێژووی بەرایی و سەرەتایی ئیسلام ئەجووڵینەوە و هاوکات ئیسلامی مەککەیی و مەدینەیی بەکار ئەهێنن . ئیسلامە مەککەیی یەکە وەک فێڵ و تاکتیکێک بەکار ئەهێنن لۆ یەکەم : دابین کردنی تێکڕای پێداویستیەکانیان هەر لە پێداویستی دارایی و ماڵی یەوە بگرە هەتا پێداویستی مرۆڤی ؛ دووهەم : لۆ پەروەردە کردن و بارهێنانی هێزەکانیان و ڕاکێشانیان بۆ ناو ڕیزی ڕەشەکوژی و تێرور و هەڵدانیان بەرەو ئیسلامی مەدینەیی . ئەمەش ئەو ڕەوتەیە کە لە ڕۆژئاوا بە ڕەوتی ڕادیکالیزە کردن ناسراگە .

ئەلقاعدە لە ڕوانگەی بەعسیەوە هۆکارێک بوو کە بۆ دژایەتی کورد لە پلەی یەکەم و دژایەتی ڕۆژئاڤا و ئامریکا پاش دۆڕانی شەڕی یەکەمی کەنداو بە کار ئەهات و تەیاریش ئەکرا لەبۆ ئەگەری دوورتر و قوول بوونەوەی دوژمنکاری ئامریکا و ڕۆژئاوایەکان وەگەرد بەعسی سەدامی . بەعسی دۆڕاوی شەڕی دژی ڕۆژئاواییش لەبۆ ئەلقاعدە دەروویەک بوو کە بواری پان و بەرینتری لە کردەی تێروریسی دا پێک ئەهێنا ، بە لانی کەمەوە . ئەفغانستان بۆ ئەلقاعدە تەنیا بنکەیەکی تاکتیکی ڕاهێنانی تێروریسی بوو کە لۆ بواری خۆ سازدان و تەیار کردن بۆ گڕانەوە بۆ ناو خاکی عەرەبی بەکار ئەهێنرا. ڕژیمە عەرەبی یە ناوچەیی کان کۆسپی سووری ئەم گەڕانەوەی ئەلقاعدە بوون وەک لە زۆر شوێنا ئاماژیان پێ ئەکرد . بەعسی دۆڕاو تەنیا ئەوەندەی لە کێش دا بوو کە بە دزی و نهێنی ئاسان کاری سازکردنی جێ پێیکیان لە سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات بۆ بکات . ( بەعس لەمەشدا هەڵپەی ئەوە بوو کە کوردستان ببەستێتەوە بە تێروری ئیسلامی ئەلقاعدە و بنەمای نزیکی و هاوکاری کورد و ڕۆژئاڤا تێک بدات ) . کوردی ئەلقاعدەش بە ژمارە ئەوەندە نەبوون کە تێرا ستراتیژی گەڕانەوەیان بۆ خاکی عەرەبی ئیسلامی بکات . لۆ پێکهێنانی دۆخێک کە ئەلقاعدە بتوانی بگەڕێتەوە بۆ شوێنی مەبەستی ، گەڵاڵەی تیابردنی بەعس و هەڵگرسانی شەڕی ڕاستەوخۆی ئیسلامی عەرەب و ڕۆژئاوا ، ئامریکا لە پێش هەموویانەوە ، پێویست بوو . کردەی تێروریستی و ڕەشەکوژی ١١ سیپتامبەر لە ئامریکا سەرەتای ئەو ستراتیژیەی ئەلقاعدە بوو کە سەری بەعسی خوارد و دەرووی گەڕانەوەی ناو عارەبانی لۆ ڕەخساند ، بە لە ناو چوونی پێگەیان لە ئەفغانستان . لە دۆخی پاش هەرفیان و تەپینی بەعسی سەدامیی ئیدی ئەوە ئەلقاعدە بوو کە بە سەر بەعسیەکانا زاڵ بوو و مۆرکی خۆی بە ڕووداوەکانەوە ئەنا و ستراتیژی و خەونی گەڕانەوەیان بۆ ناو عەرەب هاتە دی . شیاوی سرنج و ئاماژە پێکردنە ژی کە ئەوە بزانرێ کو ئەلقاعدە هەوڵی ئەوەی دا کە لە کاتی هێرشە داگیرکاریەکەی بەعسی سەدام بۆ سەر کوێت ، خۆی

بکاتە ئالیکاری سعوودی لە دژی سەدام . مەبەستی سەرەکی ئەلقاعدە ئەوە بوو کە پاش وەدەرنانیان لە ڕۆژئاوای ئافریقا، شوێن پێیک لەو ناوە لۆ خۆی دەستەبەر بکات کە بۆی نەچووە سەر . هەمان بەعس کە ئەلقاعدە ئامادەبوو لە دژی شەر بکات ، دواتر ئەو بوارەی لۆ رەخساند و کارئاسانی تەواویشی لۆ کرد .

کۆلین پاوەل ، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئامریکا هەوڵی زۆری دا کە بیسەلمێنێ کە بەعس لە ڕیگەی ئەنسارەوە تێکەلی هەبووە لەگەڵ ئەلقاعدە . بوونی زەرقاویی لە کوردستان و لە ناو ئەنسارەکانا ، بەڵگەی لە سەر بوو . زانیاریەکانی دوایی ئەو ڕاستیە پشت ڕاست ئەکەنەوە و تەنانەت ناوی ئەوکەسە بەعسیانەش دەس نیشان کراون کە بەرپرسی ئەو پێوەندیە بووگن . گرفتی پاوەل و دواتریش بەرپرسانی دیکەی ڕۆژئاوایی یەکان ئەوەسە کە لە کاتی خۆیا لە ستراتیژی ئەلقاعدە تێ نەگەیشتن و جۆرە جیاوازیەکیان لە نێوان ئەنسار و ئەلقاعدە ئەبینی . کێشەی تێرور و شەڕی دژە تێرور لە ڕۆژئاوا تێکەڵ بە دەمەقاڵەی سیاسی و حزبایەتی و ئادیۆلۆژی و درۆ و دەلەسەی سازکراوی دەزگا سیخوڕیەکان بوو و هەتا ئیرۆ ژی درێژەی هەس و تۆنی بلێری ئینگلیزیان گیرۆدەی بووە . لە کاتێکدا ئەوکاتە و ئێستاش ئەوە خویایە کە ئەنسار لە یەکانگیری و تێکەڵی ژمارەیەک بەناو ڕیکخراوی تێروریسی دیکە ساز کرا کە هەر هەموویان سازکراوی ئەلقاعدە بوون. ئەوە گەمەیەکی دژە فسۆسی ئەلقاعدەیە کە سازیەک وەک موەحدینی ئازادیخواز لە شوێنێک وەک کوردستان ساز ئەکات و لۆ ماوەیەک و لۆ مەبەستێکی کورت خایەن بەکاریان تێنێ و پاشان هەڵیان ئەوەشێنێتەوە و تێکەل بە ناوێکی دیکەیان ئەکات وەک لە بەزمی ساز کردنی ئەنسارا دەرئەکەوێ . دەزگا فسۆسیەکانی ڕۆژئاواش زۆرێک خۆیان بەو بابەتە سازیانەوە خەریک ئەکەن و پێش ئەوەی بگەنە چ ئەنجامێک ، ناویان کوێر ئەبێتەوە .

==========================================================

خاڵیکی فرە گرینگ و هەروسا ژی پڕ مەترسی ئەوەیە کە بزانرێ کە ئەلقاعدە و تێروریزمی وەهابیگەری لە هەڵە و پەڵەی ڕۆژئاوایی یەکان ئەوپەڕی کەڵکی خراپی وەرگرتووە و ڕووخانی قەزافی و سەدامی بەتایبەت ، بە تەواوەتی قوزتەوە و بەمەش خۆی هەڵدایە ئاستێکی فرە کاریگەر تر و لە ڕێکخراوێکی تێروریستی نهێنی یەوە بووگەسە دەسەلاتی سیاسی لە باکووری ئافریقا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و داعشی لەو دەڤەرانە سازکرد . ستراتیژی ڕۆژئاوا ، بە کەم وکووڕی و سەرچڵی و چەوتیەکانیەوە بواری لەبۆ ستراتیژی وەهابی ئەلقاعدە خۆش کرد و ئاکامەکەشی ئەو داعشەیە کە مرۆڤایەتی، کوردیش ڕاستەوخۆ ، تووشی بووە و باجەکەشی ئەدات لەئاستی جیهانی دا . ململانێی ڕۆژئاوا و عرووس و ئێران لە مەڕ کێشە و قەیرانی سووری ، دیسان بوارێکی فرەتری ئەرای تێروریزیمی وەهابی پێک هێناوە . لە ئەگەری تیاچوونی چاوەڕوانکراوی ڕووخانی بەعسی سووریش تێروریزمی وەهابی دەرەتانی فرەتریان لۆ ئەرەخسێ کە پەرە بە دەسەلات و خەلافەتە نگریسەکەیان بدەن . ناکۆکی و دژبەری نێوان ڕووس و مەلای عەجەم وەگەرد ڕۆژئاوایی یەل لە بەرژەوەندی وەهابیەکانە و درێژەشی مەترسیان بەرفراوانتر ئەکاتن . وا دیارە کە ڕووداوەکان و ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی قەیرانی ناوچەکە و دەوری یاریکەرانی ناوچەیی و جیهانیی ، ئاوسی قەیرانێکی قوول تر و بەرفرەترە کە ئەبێتە پێخوری تێروریزمی ئیسلامی ، دەق وەک ئەوەی کە قەیرانی لیبیا و عێراق ، ئی دە یەمنیشیان وەگەرد بووت ، داعشی لێ شین بوو .

==========================================================

ئەنسار پێش مەترسی هێرشی چاوەڕانکراوی ئامریکا و پێشمەرگە ، دوکان و بازاری ئەمارەتەکەیان لە باشوور پێچایەوە و بڵاویان بە هێزەکەیان کرد بۆ خۆ ڕێکخستنەوەیەکی نوێ و لە شوێنێکی تر . بەشی زۆری کوردەکان بە ئاسانی خزانەوە ناو کۆمەڵگای کوردەواری و چەندیشیان دزەیان کردە ناو هێزە سیاسی یەکانی کوردستان دیار نیە . ژمارەیەکیش وەک چالاکی سیاسی کورد خۆیان گەیاندە ڕۆژئاوا و خۆیان لێ مڵاس دا ، گۆڕ ستراتیژی ئەلقاعدە . عارەب و ئەفغانیش لە ڕێگەی ئێرانەوە خۆیان دەرباز کرد . ئەم گەمەی ئەلقاعدە بوەتە یەکێک لە شێوازی دیاری دژە فسۆسی و بەمەش هێزەکانیان ئەپارێزن .

ئەوەی لەم پێوەندیەدا جێگەی رامانی تەواوە ئەوەیە کە رژیمی مەلای سەفەوی عەجەم شان بە شانی بەعسی سەدامی دوژمنی خوێنی دوێنێ یان ، دالدەی ئەلقاعدەکانیان داوە و تەنانەت هەوالی پشت راستکراوەش هەیە کە ئاماژە بە بوونی سەرانی کورد و عەرەب و ئەفغانی ئەنسار لە شاری سنە ئەکات . ئەوەش کە یەک لە ناوزراوانی ئەنسار لە رێگەی تارانەوە خۆی گەیاندوەتە نورویژ ئیدی لە هەمووان ئاشکرایە . فێلی راستەوخۆ ئانکو ناراستەوخۆی عەجەم لەم پێوەندیەدا بەوە روونتر ئەبێتەوە کە بزانرێ بۆ زل کردنەوەی ناوزراوەکەی نورویژ ، لە ئوسترالیاوە چوونەتە کنی لۆ وتوێژی رادێویی . تیلی عەجەم لە ئەمارەتی ئیسلامی بەعسی – ئەلقاعدە لە تەوێلە تەنیا دووپات بوونەوەیەکی ساکاری پەیمانی ئەلجەزایر نیە بەلکو قوولایی دوژمنکاری عارەب و عەجەم جە هەمبەر دۆزی کورد دەرئەخات کە ئەو دوو داگیرکەرەی کوردستان بە چ ئاوا و تا چ رادەیەک لە سەر کەولی کورد یەکانگیر ئەبن . کاردانەوەی کوردیچ جە هەمبەر ولو یەکانگیریکی نەیارانی، بە راستی جێگەی سەر سوورمان و رامانێکی فرە فرە قوولە .

ناتەبایی و یەک نەگرتووی هێزە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی کوردستان وای کردوە کە نەک هەر بەر بە پاشاخوری عەجەم – بەعسی – ئەلقاعدە نەگرن بەلکو بواری ئەوەشی داوە کە ئەو پاشاخورە لە باشوورا خۆی بە ناوێکی دیکەوە رێک بخاتەوە . کابرایەک ئیمرۆ بووگەسە پارەک ژ پێک هاتەی سیاسی باشوور کە بە بنکە و چەکدارەوە تێکەلی ئەنسار بوو و لە ناو ئەمارەتەکەی ئەلقاعدە ئەژیان . تەنانەت سەرەرای ئاگادار کردنەوەیان لە لایەن یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە لە مەر هێرشی ئامریکا بۆ سەریان ، ئەوناوەیان بەجێ نەهێشت و کۆمەلێک خەلکیان بە کوشت چوو . ئەم سەرۆکە سیاسیەی ئێستای کوردستان دوو سال وەک تێروریستی سەر بە ئەنسار و ئەلقاعدە لە بەندیخانەی ئامریکایەکانا گیرابوو وەکی کە ئەزانرێ . قوولایی ئەم کارەساتە کاتێک دەرکەوت کە خەلکی بەناو چەپ و دێمۆکراسی خواز لەگەل ئەم بابەتە خەلکە یەکیان گرت ویستیان دەسەلاتی سیاسی نەوەکامی باشوور برووخێنن و ئەو بەزمەی بەر دەرکی سەرا لە سلێمانیان نایەوە . ئەو بەزمە دزێوە گەیشتە ئەو ئاستەی کە یەک لە کۆنە ئەنسارەکان جارێ ئەوەی ئەدا لەو سلێمانی یەی کە زۆربەی خەلکی کوردستان شانازی بە رابردووی کوردایەتی یەکەی ئەکەن ، کە کردەی دەسەلاتە ساواکەی باشوور گەلێک لە ئەنفالی بەعسی یەکان خراپترە . بەر دەرکی سەرای سلێمانی بە ناوبانگە مێژوویی یەکەیەوە کرایە مەیدانی تەراتێنی کۆنە ئەنسار و ئەلقاعدە و غەزای دژە کوریان ، لە سایەی سەری بە ناو چەپ و کۆنە کمۆنیست . دوا بەرهەمی یەکانگیری ناپیرۆزی کۆنە چەپ و کمۆنیست و کۆنە ئەنسار ئەوەیە کە سروودی نیشتمانی ئەی رەقیب لە پارلمانی کوردستانا لانراوە . وادیارە کە ئەوانەی کە زۆر پێشتر لە ئیسلامیەکان سروودی ئەی رەقیب یان بە شانازیە ترۆ ئەکرد، ئەمرۆ خالی هابەشیان وەگەرد ئیسلامی و ئەویچ کۆنە ئەنساری لەوەدا بینیوەتەوە کە بەم شێوەیە ئەی رەقیب ترۆ بکەن. ئەم دیاردەی ناتەبایی و خۆ لێ بزر بوونەی کۆنە چەپ و کۆنە کمۆنیستەکان گەیشتوەتە ئاستێک کە مەترسی مال وێرانی کوردی لێ ئەکرێ وەک یەک لە سەرکردەکانی کوردی باشوور ( کۆسرەت رەسوول ) بە راشکاوی ئاماژەی پێکرد . دۆخەکە هێندە نزم بووگەسەوە کە ئیسلامیەکان بوونەتە ناوبژی کەری هێزە سەرکیەکانی باشووری کوردستان ، پارتی و یەکیەتی کە وەک کورت هێنانێکی مێژوویی ، گەر زۆر بە رێز و پارێزەوە بێژین ، لە سەریان ئەکەوێ .

## ٢ ـ پاشخانی سیاسی دەستی رەشی تێرور لە کوردستان

وەهابیەل و سەفەوەی یەل ، عوسمانلی یەلیچ وەگەردیان بووت ، ئاقاری گەشەی بزاڤی نەتەوەیی کورد کە هاوتەریبە وەگەرد دێمۆکراسی رۆژئاڤا و نە خاسما ئامریکا ، بە هۆکارێک لە دژی ستراتیژی کۆنەپەرەستانە و دژە مێژوویی یانەی خوە ئەزانن و بە تاک و ئانکو ب کۆمەل لە دژی ئەجوولێنەوە . ئاکامی یەکانیگیری ئەو نەیارانەی کورد کە لە ئەنسار وەک

زورپەتی ئەلقاعدە خۆی نواند ، ئامرازێکی ڕەشەکوژی و تیرۆریستی یە کە سڵ ژ بەکاری هێنانی ناکەنەوە . باڵۆرەی ئیسرائیلی دووهەم ، بنێشەخۆشەی ئەو کۆنەپەرەستانەیە کە ئەی جوونەوە و کاوێژی ئەکەنەوە ، وەک چەکێکی ژەنگ هەڵگرتووی کۆنی عرووبە و عەجەم و عوسمانلی . ماکی تیرۆر و کردەی ڕەشەکوژی بوودەڵانەی ئیسلامی – عەرەبی داعش و کۆنە ئەنسار ئەزفرێتەڤە لۆ ئەو یەکابگیریی یە ناپیرۆزەی دوژمنان و نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان .

پێشتر ئەنسار هەوڵی تیرۆری بەرهەم ساڵحی دا و ئەو وەک کەسایەتییێکی کورد کە نزیکایەتی تایبەتی هەیە وەگەرد ئامریکایی یەکان کرایە ئامانجی ئەو هەوڵە تیرۆریستی یە . دواتریش دەرکەوت کە مەبەستی یەکەم و سەرەکی ئاژاوەی بەر دەرکی سەرا نە دیمۆکراسی و نە مافی خەڵک و نە گەندەڵی و نە هیچ شتێکی هەلخڵەتێنەرانەی دیکە ، بەڵکو لابردنی بەرهەم لە سەر کارو باری سەرۆک وەزیری کوردستان بوو و بەمەش ئاو کرا بە سەر ئاگری هەڵەشەیی چەپ و ئیسلامیەکانا . کێشەی سەرۆک کۆماری عێراق پاش مام جەلال و رکەبەری بەرهەم و فوئاد مەعسووم و دۆڕانی بەرهەم لەو ململانێ دا ، سەرکەوتنێکی دیکە بوو ئەرای ستراتیژی دژە ئامریکایی مەلای عەجەمان . بەرهەم وەک خۆی و وەک جێگری بژاردەی مام جەلال ، پاش نەخۆشیەکەی مام جەلال و دوورکەوتنەوەی لە کار و فرمانی سیاسی ، لە دۆخێکی نەخوازراودا بە سەرئەبات و هۆکەشی ئەوە نیە کە ئەو لە لێوەشاوەیی سیاسی و دیپلۆماتیکدا کەمی هێنابێ بەڵکوو مەلای عەجەمان بەرهەم وەک کەسێک ئەبینن کە لە ئاقاری سیاسەتی ئامریکاوە دئاژوێ و لێدانی بەرهەم بە لێدانی سیاسەتی ئامریکا لە ناوچەکەدا ئەزانن و ئەمەش خاڵی هاوبەشی مەلای عەجەم و کۆنە بەعسی و ئەنسارە کە خۆی لە هەوڵە تیرۆریستیەکەیابدا دەرئەخات . ئەوەیچ کە کۆنە کمۆنیست و بەناو کونە هاوڕێی و هاو یەکیەتیەکەی بەرهەم نەک هەر تەنیا کەوتوتە ئەو بەرەیە بەڵکو لە هەمووشیان کاراتر و کاریگەرتر دژی بەرهەم ئەجووڵێنەوە ، هەویرێکە و ئاوێکی یەکجار زۆر هەڵ ئەگرێ . لۆ ئەوانەی کە ئاست و چونیەتی بڕیار و بژاردەکانی جەلال تاڵەبانی ئەزانن و ئەی ناسن ، ئەزانن کە بژاردەی بەرهەم لە لایەن مام جەلالەوە ، بژاردەیەکی پڕاوپڕ ڕاست و لە جێگەی خۆی دا بوو پەی هەل و مەرجی زال بە سەر کوردستان و لە مەش بەرفرەتر ئی دە ناوچەکە و ئی دە جیهانیش . بژاردەیەک کە لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان بە گشتی و بەرژەوەندی یەکیەتی نیشتمانی بوو . سەد بریا کە ئەوانەی خۆیان بە پێرەوی مام جەلال ئەزانن لەگرینگی و قووڵایی وەستایانەی بڕیارەکانی مام جەلال تێ بگەیشتبان بە تەواوەتی.

### ٣ ـ لێدانی یەکیەتی کوردان بە دوو واتاوە

دۆزی نەتەوەیی کورد و دوارۆژی هەڵدان و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی باشوور کوێر بوەتەوە لەو دۆخە قەیراناوی و ئاڵۆزەی نها بە مەبەست ساز کراوە . ئەمەش لە کاتێکدا دێ کە دیپلۆماسی سەرکردایەتی کورد هەنگاوی ئەرێنی و گاریگەری لۆ پێک هێنانی هەل و مەرجی سەربەخۆیی باشوور ناوە و ڕای گشتی جیهانی بۆ فرمانەکە لەبارتر کردوە . دەستی دەرەکی بەتایبەت هی مەلای عەجەمان بە ڕوونی دیارە لە نانەوەی ئاژاوە لە کوردستان . پێشتر پەیمانی ستراتیژیکی پارتی و یەکیەتی مینا دوو هێزی سەرەکی و چارەنووس سازی باشوور ، پێشکەوتنی دۆزی کوردی دەستەبەر کردبوو . هەموو زانیاری و ڕووداوەکان ئاماژە بەو ڕاستیە ئەکەن کە ئەو هاوپەیمانی یە لە بەرژەوندی کورد بوو و بە کردەوەش هەر وا دەرچوو . سەیر نابی کە بێژین تێکدانی ئەو هاوپەیمانی یە ستراتیژیکی یە ئەشی لە کار و فرمانی نەیارانی کوردا بووبێت و پاشماوەی ئاریشەی کۆنی ناتەبایی و دووبەرەکی و دوژمنکاری ناوخۆیش دیسان ئەو بوارەی ئەڕای دوژمنانی کورد و مەلای عەجەم لە پێش هەموویانەوە ، پێک هێنابێ . وەک ئەبینرێ دوژمنانی کورد لەو تەون و تەپکەیان لە دژی کورد سەرکەوتن و نەک هەر هاوپەیمانی یەکەیان بەتاڵ کردوتەوە بەڵکو لایەنی یەکیەتی نیشتمانیشیان تووشی قەیران و

ئالۆزی قووڵی ناوخۆیی کرد . یەکیەتی نیشتمانی وەکی ئەو یەکیەتی یەی کە مام جەلال بە سەریا ڕائەگەیشت و بەڕیوەی ئەبرد تاکە هۆکاری دەرباز بوون بە سەر ئەم قەیران و ئالۆزیەیە کە بەمەبست لە دژی کورد سازکراوە و خۆدی یەکیەتیەکەش بووە یەکەم قوربانی ئەو پیلانەی دوژمنانی کورد و کوردستان . لۆیە ئەبیژین ئەو یەکیەتی یەی مەبەستە ، تاکە هۆکاری سەرکەوتنی کوردە لەم دۆخەدا .

میژووی بزاڤی کوردی جە باشوور ئەوە دەرئەخاتن کە یەکیەتیەکەی مام جەلال لە کات و سات و دۆخی ناسک و هەستیارا بریاری بەجێ ولەبار ئەدات . هەموان لە بیریانە کە لە سەردەمی گفتوگۆ لە گەڵ میری ( وەک مام جەلال لە کتیبەکەی دا ئەو ناوەی بۆ هەڵبژارد ) لە ساڵانی ٨٠ کانا ، یەکیەتی دروشمی ئاشت بوونەوەی گشتی بەرزکردەوە . بەعس و ڕاویژکارانی ئەیانەویست کە لە گەرمەی شەری عارەب و عەجەمدا ، کورد لۆ لای خۆیان ڕاکیشن . سیاسەتی یەکیەتی و مام جەلالیش ئەوە بوو کە هەموو کورد و هەموو هیزە سیاسیەکانی ئەبێ بەشدار بن و مافی کورد بە گویرەی ئەو کاتە دابین بکرێ . تەنانەت لۆ دەس پیکردنی گفتوگۆ ، پرس و ڕاویژی بە هەموو هیزە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتیش کرد . ( تەنانەت کۆمەڵەی یەکسانیش وەک مام جەلال لە کتیبەکەی دا ئاماژەی وەپێ کردەوە – " **تەنانەت یەکسانیی**" واتای خۆی هەبوو لۆ مام جەلال ، ئاماژەیەکە بە ڕەچەڵەکی کۆنی یەکسانیی و میژووی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی باشوور لە ٦٠ کانا ) . ئەمەش بەو مانایە کە یەکیەتیەکەی مام جەلال لە وەها دۆخیکی ناسکدا ، بەرژەوەندی کورد و کوردستان ئەکاتە بنەمای سیاسەتی. ئەم ئاکارە تایبەتیەی یەکیەتی ئانکو مام جەلال ، یان جەلالی و جەلالیەکان ، لەو ئاشت بوونەوە گشتیە ، دوای تیکچوونی گفتوگۆ لەگەڵ میری ، فرە زەقتر و بەرچاوتر و کاریگەرتر خۆی نواند و ئاکامەکەشی ، پیک هینانی بەرەی کوردستانی بوو کە بواری سەرهەڵدانی و سەرکەوتنی ڕاپەڕینە میژوویی و مەزنەکەی باشووری پیک هینا . ئەڵبەت ئەو دەس پیشخەری و بۆچوونەی یەکیەتی بە قازانجی مەلای عەجەم و زیانی عەرەبی سەدامیش شکایەوە و دەڵاڵ و وەستاکارانی گفتوگۆی شۆرش و میری زۆر خراپیان دۆڕاند . خۆنواندنی ئەو ئاکارە ئەرینیەکەش ئەوە بوو کە کاغەزی سپی بە واژۆ و مۆری مام جەلالەوە بۆ حەمایل خان وەک ریز پەی بارزانی گاورە ، بەرێ کرا . ئاشتی ، ئاشتی برایانە بوو و پرتە و بۆڵە وگازندەش هەر برایانە . وەرامی ئەو کاغەزە سپی یە ئەوە بوو کە ماڵی بارزانی بە مام جەلالیان گوتبوو کە چاوەڕانی ئەوەیان ئەکرد کە مام جەلال خاوەن پرسەی بارزانی بێت . ١١

ئازاری ١٩٧٠ ش وینەیەکی دیکەی ئەو گیانە ئازاردراوەی کوردە . لەو ساڵانەدا و سەرکەوتنی شۆرشی کورد و بارزانی بە لێ خۆش بوونی باوکانە ( بارزانی مام جەلالی وەک کوڕی خۆی سەیر ئەکرد ) لەو هەڵە میژوویی و خوینناویەی شەڕی ناخۆ کۆتایی پێ هات . پیش ئەمەیچ لێ خوش بوونیکی دیکە بواری گەڕانەوە لە هەمەدانی لۆ بەرەی دژبەر پیک هینا . کورد بە گشتی و کوردی باشووری نیشتمانەکەمان لەم دۆخەی ئیستای کوردستان و ئەو هەل و مەرجە ناسک و ئالۆزەی ناوچەی گرتوەتەوە ، پیویستی بەو گیان و هەست و سۆزی نەتەوەیی یە هەیە کە چەند جار تاقی کراوەتەوە و کوردیش بەرەکەی چنیوەتەوە و پێی سەرکەوتوە . کەسایەتی میژوویی ، بریاری میژوویی ئەدات و پەنجە مۆری ئەرینیان بە میژووەوە ئەنێن .

==========================================



**قاسملوو و شاندی دان و سەندن کاری یەکیەتی لە ناو هیلکۆپتەری بەعسی ڕووەو بەغدا ئەچن**

((ئەم وێنە مێژوویی یە وەپیمان ئووشت کە مام جەلال و یەکیەتی پێویستیان بە ڕاوێژ وەگەرد حزب دیمۆکرات نەبوو . وەستاکار و داڕێژەری ئەو گفتوگۆیە وای دانابوو کە هۆکاری کورد بخاتە پاڵ بەعس لە گەرمەی شەڕی عارەب و عەجەم کە نەک هەر هیچی لۆ کورد دەستەبەر نەکرد بەڵکو بواری لۆ بەعس ساز کرد کە دیاردەی " ئەفواجێ خەفیفە " لە کوردستانا پێک بهێنێ و هەڵپەی ئەوەش هەبوو کە بە نارەوا ئەو بەزمە ببڕن بە سەر مام جەلال و یەکیەتی دا . " فەوجە خەفیفە " و هۆکاریەل و دۆخی سازکردنیان و دەوری نەرێنیان لە بزاڤی کوردێنی ، ئەشی بەباشی بخرێتە بەر توێژینەوە و شیکاری ورد ، پەی ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنەی مێژووی کورد و کوردستان . زۆری نەخایاند کە ستراتیژی بەعس شکا و کورد ڕێکاری ئاشتبوونەوەی گشتی هەڵبژارد و بە بەرەی کوردستانی بە ئاکامی گەیاند . کاردانەوەی بەعسیش ، کیمیابارانی هەڵەبجە و پاشان ئەنفال بوو . هێندەک جار ئەو تێکەڵیەی قاسملوو لە گفتوگۆی یەکیەتی و بەعسا بە گوێی مام جەلال و یەکیەتی دا ئەدرایەوە کە گوایە کوردی ڕۆژهەلات خزمەتی مام جەلالیان بە سەرەویە لە ناوبڕی کردنی ئەوان و ڕژیمی مەلای عەجەمدا پاش یەکەم هێرشیان بۆ سەر کوردستان کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە . جیاوازی ئەو دوو ڕووداو ئاسمان و ڕێسمانە . کوردی ڕۆژهەلات بەو دەورەی مام جەلال فرە هەلّی دا و دۆخەکەش بە ئەفواجی خەفیفەی بەعسیان بە سەر کوردی ۆژهەلاتا نەشکایەوە . ئەو دەورەی مام جەلال خالێکی وەستایانە سیاسی بەرز و ئەرێنی بەرچاوە لە ژیانی سیاسی خۆی دا کە بە قازانجی یەکیەتی و کوردی ڕۆژهەلات تواو بوو . ئەم بابەتە فرەتر هەڵ ئەگرێ و لێرەدا پتر لەمە بواری پێ ڕاگەیشتنی نیە . ))

=============================================

هەمووان ئەزانن کە یەکیەتی بەرنامەیەکی هەس پەی دۆزی نەتەوەیی کورد و ئەمەش ئەو بنەما ڕاستەقینەیە کە لە پارتی دیمۆکراتی نزیک ئەخاتەوە وەک پێشتریش بینراوە . وەکی دن با بزانین و لە خۆ بپرسین کە ئەوانی دیکە چ بەرنامە و بۆچوونێکیان پێ یە لەبۆ پاشەڕۆژی کورد و کوردستان . ئی دە ئیسلامیەکان لە هەمووان ڕوونە و لە باشترین دۆخا ئیسلامی مەککەیی دیاری دەستیانە کە ئەویش وەک سروشت و فێڵی ئیسلامی سەرەتایی قۆناخێکە ئەڕای ئیسلامی مەدینەیی جووره داعشی . ستراتیژی دووری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ئەوەسە لە کوردستان بکەنە تاڵەبانستان ئانکو داعشستان . لە خۆراییش نیە کە چاویان بە هێما نەتەوەیی یەکانی کورد و کوردستانا هەڵ نایە و هەوڵی بنکەن کردنیان ئەدەن . ئەمێنێتەوە کۆنە چەپ و کمۆنیستەکان ، ئانکو دیمۆکرات و بەناو مۆدێرنەکان ، سەر ڕووت و سەر چەوری شاران بە کوردیەکەی . ئەمانەش لە هەموو کوردستانا تێکشکاون و بێجگە لە برە دروشمێکی زریقە و بریقەداری هەڵ خڵەتێنەرانە شتیکیان لۆ نەماوەتەوە کە پێشکەشی کورد و کوردستانی بکەن . لە ڕۆژهەلات ئەوە بوو کە بزاڤی کوردێنی یان کردە قوربانی کمۆنیستی عەجەمان و ئەویش بابەتە کمۆنیست و بابەتە عەجەمێک کە کوردەکەو ماچۆ ناویان لە کوولەکەی تەرپشدا نەبوو و ئێستاش دەستەوسان و ناکارامە وەک بە تەوسەوە وەپیان ئووشن لە ئوردوگاکانیاندا بە تەوبای خولای لێی کەوتوون . دۆخی باکوور و ڕۆژئاوڤا ژی بن سیا وان هێزێن چەپ و کۆنە کمۆنیست گەلەک قەیراناویی یە و چ ڕێگایەک لۆ دەربازبوونی خۆیان و هێزەکانیان ئاشکرا نیە . کورد و کوردستان و کوردایەتی وەلا نراوە و دیاریش نیە شەری چیانە . خۆ ئەگەر ئەنجومەنی شار و گوند کە ناویان ناوە خۆسەری دیمۆکراتیک ، ئارمانجیان بێت و کورد بە شیاوی ئەوە نەزانن کە سەروەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبێ وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ ، ئیدی ولو ئارمانجەک پێدڤێ بە شەڕ و هەلا نیە و وەک بۆخۆشیان دەسنیشان کردوە سەردەمی شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی بە سەر چووە . شەق کردنی یەکیەتی نیشتمانی و نانەوەی قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ناویا ، لە ڕاستیدا هەوڵێک بوو پەی لێدانی یەکیەتی کوردان بە هەردوو واتاوە . لەبار بردنی ستراتیژی سیاسی یەکیەتی هاو تەریب و هاو ئاقار وەگەرد ئێ دە پارتی ، بە ڕکەبەری ،نەک رقەبەری ، سیاسی ڕەواشیانەوە ، دەق ئەو چتەسە کە وەهابی و سەفەوی و عوسمانلی پێی خەنی ئەبن . لە خۆڕاش نیە کە ئیسلامی سیاسی ، بە ئیخوان و کۆنە ئەنسارەوە ، لە لێدانی یەکیەتی و یەکیەتی کوردان کەمیان نەهێنا و بە گەرمە و بەرفراوانی بەشداری ئەو بەزمە بوون لە ژێر دروشمی دژە کوردانە و خاپێنەری دژایەتی دەسەلاتی سیاسی کورد لە باشوور کە وەک دەسەلاتێکی مافیایی ناویان ئەهێنا و خەڵکێکیشیان لە خشتە برد . ئاکامی لێدانی یەکیەتی کوردان ، دیسان بە هەردوو واتاوە ، ئێستا بووەتە هۆی ئەوە کە ستراتیژی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لێڵ و ناڕوونە و بالۆرەی

ستراتیژی دوو بەڕێوەبەری و هەرێمی سلێمانی و کەرکوک و شەنگال و وەلاتانی سروودی ئەی ڕەقیب و سبێ ڕۆژێ ژی دەسکاری ئالای کوردستان و چێ و چی تر جێگەی پێ لێژ کردوە .

## بالۆرەی ناکوردانە و دژە مێژوویی

راپەڕینی باشووری کوردستان خاڵی گرینگ و مێژوویی وەرسووڕانی ڕەوتی کوردێنی لە سەروبەندی کۆتایی سەدەی رابردوو دا بوو . وەک چۆن ڕاپەڕین پاشەڵ پیسی و پاشاخۆڕی داگیرکاری و دوژمنایەتی هۆڤانانەی بەعسی و نابەعسی بەغدادی لە کوردستانا پووچەل کردەوە ، لە کێشیشی دا بوو کە پاشەڵ پیسی و دوژمنکاری نەیارانی کورد لە سەدەی رابردوودا بەرپەرچ بداتەوە . ( ڕاپەڕینی ڕۆژهەلات لە سەروبەندی هەرفیانی ڕژیمەکەی قولیزادە ئەو کێشە نەبوو ، هەر لۆیە لە کیسیش چوو ) . ئەڵبەت پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ڕاپەڕین خاڵی دەس پێکی ئەو ڕەوتە یە کە باسی ئەکەین. ڕەوتەکە کەم تا کورتی ڕێچکەی ئاسایی خۆی بڕی و گەر کورت هێنانی کورد بۆخۆی نەبا ، ڕەوتەکە خێراتر و کایگەرتر دەمەشیا . بیرمەند و سیاسی کورد نرخ و گرینگی مێژوویی ڕاپەڕینی بەتەواوەتی و وەک پێویست تاوتوو نەکرد و ڕاپەڕین وەک پێویست دەسکەوتی فرە گاورەی ئەڕای مەردم کورد دەستەبەر نەکرد . بەشێکی ئەم کورت هێنانەش هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ دۆخی گشتی ناوچەکە و هەر وسا ژی ئی دە جیهانی .

سەرەرای ئەم کورت هێنانە و سەرەرای ئاریشە و گرفتی فرەی ناوخۆیی و دەرەکی ، کورد لە باشووری نیشتمانەکەماندا برە هەنگاوێکی باش و ئەرێنی لە ئاقاری مێژوویی بزاڤی کوردی و چار کردنی کێشەکانی دا ، بە سەرکەوتویی یەوە ، هەڵ هێناوە . ئاقاری مێژوویی بزاڤی کوردێنی لە هەمووان دیارە . بەرەو سەربەخۆیی چوونی باشووری نیشتمانەکەمان و پێک هێنانی دەرەتان و بواری ئەو ئارمانجە ، ئەرکە و ئەرکێکی بێ ئەملا و ئەولای گشت کوردێکە خڕ . هەر هەموو هەوڵێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و جڤاکی و هونەری و زانستی کورد چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ و لە تەشک و بیچمی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ناڕێکخراوەیی دا ، ئەشی ئەڕای خێراتر و کاریگەرتر کردنی ئەم ڕەوتە بێتن . بەرپەرچ دانەوەی تەون و تەپکەی دوژمنان و نەیارانی کوردیش ئەکەفێتە ئەم چوارچێوە . خویایە ژی کو تاکی دڵسوز و خەمخۆر و هەر وسا ژی پارتی و کومەلێن سیاسی کورد جەو ئاقارەوە ئەمەشن و مشووری ئەخۆن .

ململانێی و ڕکابەری ڕەوای هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش دەبا لەم مەیدانە با و مەشیا شەڕی ڤی چەندێن هەبا کە کامیان فرە تر و باشتر وەرامی ئەم داخوازیە مێژوویی یە ئەدەنەوە . کۆسپ و تەگەرەی سوور و گرانیچ ها وە سەر ڕێگەی بەرەو پێشەوە چوونی بزاڤی نەتەوەیی کوردێنی . کوردەکەو ماچۆ ، کێ ئازایە با بەسەریاندا زاڵ بێت و ئافەرینی هەموو لایەک پەی خۆش مسۆگەر بکاتن . لێدانی بالۆرەی دووبەرەکی و دوو ئیدارەیی و سازکردنی هەرێمی سلێمانی و کەرکوک و لە هەمەیان ژی ڕژدتەرتەر ، کانتۆنی شنگال و دەڤەرین دن ، دەق بە پێچەوانە و لە دژی ڕەوتی بەرەو پێش چوونی بزاڤی نەتەوەیی کوردە لەم کات و ساتەدا . هەڵگرانی ئەم دیاردە نامۆ و دژە مێژوویی یە لە باشوور و باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاڤا ناسراون و دیاریشە کە ئەم کردە و ئاکارەیان لە دژی بەرژەوەندی گشتی کوردە . سەیرەکەش لەودایە کە ڕاست بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە دژە مێژوویی یە ، کورد نها باشترین و لەبارترین هەل ومەرجی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی لۆ ڕەخساوە . ئەم ئاریشەیە لە دووبەرەکی و شەق بوونی بزاڤی نەتەوەیی کوردەوە سەرچاوەی گرتوە و گومانیش لەوەدا نیە کە ئەبێتە هەوێن و ئامیانی ئاریشەی فرە قوویل تەری سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستانا وەک هەر ئێستا ئاسەوار و کاریگەریەکانی دەرکەوتووە . پرسیارەک کە تێتە پێشەوە ئەوەسە کە چۆنە خەڵک

و هێزێکە خۆیان بە پێشکەفتنخواز و سەردمیانە ئەزانن ، ئا لەم کات و ساتەدا ئەو رێکارە ناکوردانەیان لۆ بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد ، گرتگەسە بەر . مەترسی و دەوری فرە فرە نەرێنی ولو ڕیکارێک لەبۆ کورد جە هەمووان خویایە و بوار ودەرەتان ئەڕای نەیاران و دوژمنانی کورد ساز ئەکات لۆ دوژمنایەتی وەگەرد مەردم کورد . جا چ ئەوەی دوژمنانی کورد ڕاستەوخۆ ئانکو ناڕاستەوەخۆ ئەم بەزمەیان لۆ کورد نابێتەوە و چ خەڵک و هێزە سیاسی یەکان بە زانا بوون ئانکو نەزانی ، ئانکو بە فیتی داگیرکەران لەم بەزمەوە گلابێتن ، هیچ لە دەوری تێکدەرانەی کەم ناکاتەوە .

کەس ئانکو کەسانێک هەبوون کە پێشتریش لە ماکی مێژوویی کورد و کوردستان تێ نەگەیشبوون و بۆچوونیان لە مەڕ دۆزی کورد لە سەر بنەمای ئەو نەزانی و تێ نەگەیشتوویيە بوو . لۆ نموونە ، کەسێک کە پێی وابوو سۆرانی و کرمانجی لە ئیتالیایی و فەرانسەیی پتر لەهەڤودوو دوورن و ئەو دوو زاراوەی کوردی بە هۆکاری ئەوە ئەزانی کە کورد یەک نەتەوە نیە جا با ئیدی هەرامی و زازایی و شەبەک و کەلهوڕی و لوڕی بوەستێ ؛ یان کەسێک کە پێی وابێ کە کوردی ڕۆژهەڵات ئیدی بەشێکی دانەبڕاوە لە عەجەمی ئێرانی ؛ ئانکو کەسەک کو هزری نەتەوەیی و نەخاسما ئی دە کوردان بە کۆسپ و بەرگرێک پەی مرۆڤ بزانێ ، ئیێتر چاوەڕانی چی لێ بکری بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد ، چوونە دیاەدەیەکی مێژوویی . هەر ئەمانەشن کە باڵۆرەی دژە نەتەوەیی و دژە مێژوویی لێ ئەدەن و بە تەمانە نەتەوەی کورد پارچەپارچە بکەن و بیریش لە ڤێ چەندی نەکەن کو ئاکام و بەرهەمی ئەو بیرۆکە و کردەیان لە بەرژەوەندی کێ دا ئەشکێتەوە . وەک پێشتر ئاماژەمان وەپی کرد ، کورد و کوردستان ئیسە ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی هۆڤانەتی ئیسلامی وەهابیگەری و سەفەویی و عوسمانی بووگەسەوە و لە ئابلۆقەی سیاسی و ئابووری و هزری ئایینی ئەوان دایە . کورد ئەشی ڕێکارێکی گونجاو وەبینێ کە خۆی لەو دۆخە نالەبارە ناوچەیی دەرباز بکاتن بە سەرکەوتوویەوە ، بە پشت بەستین بە دۆخی لەباری جیهانی بۆ کورد و کوردستان . باڵۆرە ژەنانی ناوخۆیی ئەشێ بەشی ئەوەندە لۆ خۆیان بهێڵنەوە کە ڕاستەوخۆ ئانکو ناڕاسیتەوخۆ نەبنە دارەدەستی وەهابی و سەفەوی و عوسمانی . تیلی ترکی عوسمانلی لە پشتگرتنی داعش و هەروسا ژی ئی دە عارەب و عەجەمان لە ڕێگەی گەمەی سیاسی قرێژی بەعسی سووریەوە ، کوردەکەو ماچۆ ، وەکی ڕۆژی ڕوون لە هەمووانەوە دیارە . بە لەبەچاو گرتنی ئەم ڕاستیە حاشا هەڵ نەگرانە ئیدی قووڵای کارەساتی ئەو باڵۆرەژەنانە و ڕیکارە دژە کوردی و دژە مێژوویی یەکەیان پەی کوردیەل خویاتەر ئەبیتن .

## ماکی مێژوویی و چینایەتی تایبەتمەندی دەسەلات و دەوڵەت و حکومەت

لەوەتی مرۆڤایەتی خۆی وەک کۆمەڵ و کۆمەڵگا ڕێک خستوە و فرمانی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا بوەتە فرمانێکی پێویستی دیرۆکی پەی درێژەدان بەو شێوە ژیانە کۆمەڵایەتیە ، چین و قاتا سەردەست ئەو ئەرکەیان بەڕیوەبردوە و تەنانەت کردویانە بە بەشی چەسپاو و مسۆگەر و تاپۆکراوی خۆیان . کۆن ئەو گەورەبەشانە بە دادەی خوا دائەنرا و وەرئەگیرا و خەڵکیش ملیان پێ ئەدا وەک ئەرکێکی ئایینی و مل کەچی لۆ خواست و ویستی خولا . پاشان کە دەست و تیلی خوا لە ئارا نەما ، بیر و هزری خەڵک و گەڵ و دادپەروەری جێگەی گرتەوە و ئەو بەزمە هەتا ئیرۆ ژی درێژەی هەس .

چەپ و کمۆنیزم ماکی چینایەتی دەولەت و دەسەلاتیان ناسی و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە گوایە جیهان بەراوەژووە و ئەوان ڕاستی ئەکەنە و دەسەلات لۆ کرێکار و خەڵک ئانکو گەڵ ئەگەڕێنەوە ، لە ڕێگای دیکتاتوری پرۆلیتاریاوە . ئەزموونی کورتی مێژوویی کمۆنیزمیش دەری خست کە ئەوانیچ نەک هەر لە پێشینانی مێژوو چێ تر نین بەڵکو گەلەگ ژ وان ژی ڕژدتر و ناخەڵکی و ناگەلی تەر بوون ، گەر نەبێژین دژی خەڵکی و دژی گەلی .

بێنە سەر سەردەمی ئێستا ، دەسەلاتی سیاسی بە ڕوونی تاپۆی چین و توێژە سەردەستەکانە لە هەموو جیهانا . دروشم و هەرا و هوریای خاپێنەری ئەم و ئەوێک لێگرە و لەوێ هیچ لەم ڕاستیە کەم ناکاتەوە . سەردەم ، سەردەمی سەرمایەداری هەرە پێشکەفتوە . پارەپەرەست و سووخۆران سنگی خۆیان لێ داکوتاوە . ئامراز و کەرەسی پێویست پەی پاراستنی بەرژەوەندیان ڕۆژ لە گەلّ ڕۆژا پتر پەرە ئەسەتێنێ و بە هێزتر ئەبێت . ئێرۆ ئەم جە دۆخێکدا ئەژین کو پاشماوەی گەمەی کمۆنیزم ، هەلّپەی ئەوەیەسی کە بگاتە ئاستی سەرمایەداری و ڕێکاری سەرمایەداری گرتوەتە بەر وەک لە چین و کوبا بەدی ئەکرێتن . هەر هەموو پاشماوە و پاشاخوڕی کوڕ و کۆمەلّ و ڕێکخراوە کمۆنیستیەکانیچ هەلّپەی ئەوەیانە کە دەروویەک لۆ خۆیان بکەنەوە لە جیهانی سەرمایەداری و بچنە ناو کوڕی پارەپەرەستان و سووخۆران . ئەبێ موردەخای لیڤی ( کارل مارکس ) داماو لە گۆڕا تلاوتلی بێت کە پێڕەوانی کمۆنیستی ڕەسینە ئەو ئاست و دۆخەی کە ڕێکاری سەرەمایەداریان گرتوەتە بەر و بە ناسەرکەوتوویشەوە تێیدا ئەمەشێن پەی دابین کردنی خەون و خەیالا کمۆنیستی .

کورد و دەسەلاتە ساواکەی لەم دۆخەی ئێستای جیهانی مرۆڤایەتی بەدوور و بەدەر نین . گەر کورد سەروەری نەتەوەییچ دەستەبەر بەکاتن ، ئەوا ژ چارچێڤا سەرمایەداری سەردەما ئەبێتن . ئەمەیچ بەو واتایە کە تایبەتمەندی دەولّەت و دەسەلاّتی کوردیش هەر هەمان تایبەتمەندی ئەبێتن کە بە سەر سەرجەم جیهانی مرۆڤایەتی دا زالّە . گزە و فزە و درۆ و بەلّێن و پەیمانی درۆزنانە و گەندەلّی و پۆخلّی حکومەت و دەولّەتی سەرمایەداری پارەپەرەست و سووخۆران دیاردەیەکی جیهانیی و گشت گیرە . گەر واز لە دەولّەتە نادیمۆکراتیک و دژی گەلی یەکان بهێنین ، ئەوەتا ئەو بەناو دەولّەتە هەرە پێشکەوتوو و دیمۆکراتانەش نە ئەیانەوێ و نە ئەتوانن ژێ کە ئەو تایبەتمەندیە دزێوانەی دەسەلاتی سەرمایەداری لە خۆ دوور بخەنەوە ، بەلّکو وەگەردی ئەژین و تالاوەکەشی ئەچێت بە قوڕگی خەلّکە ئاسایی یەکە دا .

میرزا و خویندەواری سەر ڕووتی شاری لە کوردستانا هێژ لەم ڕاستیە تێ نەگەیشتوون ، ئانکو خوی لێ نەبان ئەکەن سەرەڕای ئاویتە بوونیان وەگەرد کمۆنیزم و زانستی کۆمەلاّیەتی و مێژوویی لە مەڕ سروشتی چینایەتی دەسەلات . خەلّک و هێزی سیاسی هەن کە هەر هەموو بنەچە و بنەمای کارابوونی سیاسیان لە سەر پۆخلّی و گەندەلّی سروشتیی دەسەلاّتی نەوەکامی کورد لە باشوور هەلّ چنیەوە . ئەم هەرایە کە کۆنە کمۆنیستەکان لە کوردستان ناویانەتەوە ، بێ بنەمایە لە ڕوانگەی زانستی کۆمەلاّیەتی و تیئۆری مێژوویی دەولّەتەوە . ناش کرێ ئەم ئاکارەیان بە نەزانی و تێ نەگەیشتوویی لە مێژوو و زانست و تیئۆری دابنرێ . ئەوەی کە ئەمێنێتەوە ئەوەسە کە بزانرێ کە پالّ پێوەنەر و هۆکاری فرمانی دژە گەندەلّی و پۆخلّی چیە لە باری سیاسیەوە و لە چێەوە و لە کوێوە دێت .

خاپاندن و چەواشەکارێیکی ڕووت و دیار لەم پێوەندیەدا دەکاردایە . خاپاندنەکە ئەوەسە کە گوایە دەولّەت و دەسەلاتێکی پاک و خاوێن ، بەبێ دزی و درۆ و گەندەلّی و پۆخلّی بۆی هەیە کە لە کوردستانا بێتە ئاراوە و کوردستان سەرزەوی فریشتە و نێردراوەکانی خوا و ئاسمانە و ئەوان دکارن ولو دەسەلاتێک دابین بکەن . ئەمەچیان هەلّ ئەگەڕێتەوە لۆ فروفیشالی خاپێنەری کمۆنیستی بەرێ . چەواشەکاریەکیچ ئەوەسە کە گوایە دیاردەی پۆخلّی و گەندەلّی و هەروەتریش حزب حزبێنێ و خزم خزمێنێ تەنیا ئی دە کورد و کوردستانە و دەسەلات دارانی سیاسی کورد بە خێلّەکی و بنەمالّەیی و هۆکاری دیاردەیەک ئەنرخێنن کە پێشکەوتووترین و کۆن ترین و بەرفرەترین دیمۆکراسی جیهان لێی بێ بەری نین ، گەر لە گەلێ بوارەدا لە کوردستانیش خراپتر نەبن گۆر زانیاری ناوخۆی خۆیان . ئووشن کە دەسەلاّتی کوردی جە باشوور، دەسدەلاتی پارت و ڕێکخراوەیە ، وەکی بێژی لە ئامریکا و ئاورووپا وا نیە . جە ئاورووپا و ئامریکاش بە زەقی یەوە ، دەسەلاّت بە ناوی پارتەکانەوە ناو ئەبرێن . ئووشن دەولّەتی ( پارتی) سویالیستی فەرانسە ئانکو ئالمانیا ، ئانکو دەولّەتی توری ( conservative ) ئینگلیز ، یان دەولەتی لیبرالّی سوید . لەمانش هەر فرە زەقتر ئامریکایە کە دەسەلاتەکەی بە ناوی سەرۆک کۆمارەکەیانە ( Obama administration ) . وادیارە کە ئاستی ڕۆشنبیری سەرڕووتی شاری کوردستان فرە لە هی ئامریکا و ئاورووپا بانترە و توان بیچمێکی سیاسی بانتر لە ئامریکا و ئاورووپا ئەڕای مەرم کورد جە باشوور پێکەوە بنێن و پارت و کوڕ و کۆمەلّە خێلەکیەکان ( وەکی خۆیان ئەبێژن ) ڕیگریانن لەم ستراتیژیە بی بنەما و لەم خەون و خەیالّە ساوایانە و مندالاّنەیان . جە باکوور و ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاڤا ، کوردەکەو ماچۆ ، شوولّیان لێ هەلّکێشاوە و هەرای

ئەوە بڵاوئەکەنەوە کە گوایە سەر لە نویَ میَژوو دائەریَژنەوە ، نەک هەر بۆ کورد و کوردستان بەڵکو لۆ ناوچەکە و جیهانیش . گوتنێکی باو و زانراو و بەناوبنگ هەس کە ئووشت " تەنیا کەرە پیاو هەوڵی دارشتنەوەی میَژوو ئەدات " . ئەمەش لۆ نەگبەتی مە کوردان ئەو بەشەی کورد ئەگریَتەوە .

هەڵ چنینی سیاسی لە سەر گەندەڵی گەیشتوەتە ئاستێک کە هێز و وزەیەکی بەرچاویان لۆ ئەو بابەتە تەرخان کردوە کە وەکی هاتە گوتن تایبەتمەندی سروشتی دەزگای دەسەڵاتداری سەرمایەداری سەردەمە . ژمارەیەکی باش بووگنەسە دزگر و تەنانەت ئەرک و فرمانی نوێنەورایەتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانیشیان لە بیر چوەتەوە . ئەم خەڵکە ئەوە نازانن کە گرتنی دز ئەشی لە سەر رێکاری یاسایی و دادپەروەری بێت کە ئەوان ئەتوانن لە ئەنجومەنی نوێنەران رێکی بخەن و بە دام و دزگای پاسەوانی و بەرێوەبەری پۆلیس و دەزگا پێوەند دارەکانی بسپێرن . دیاری کردنی یاسای رێگری لە دز و گەندەڵکار و پۆخڵی ، ئەرکی خەڵکی پسپۆر و لێزانە . دزگرانی ئیمرۆی باشووری کوردستان لێیان ئاوەژوو بووەتەوە . ئەم گەمەیە کە رۆژ بە رۆژ ئاریشەی ناوخۆیی قووڵ تر ئەکاتەوە و ئەبێتە هۆکاری لێک ترازان و دوو و چەند بەرەکی ، لە بەرژەوەندی بزاڤی کوردا نیە و بە فیرۆدانی لێهاتوویی و کارامەیی تاک و لایەنی کورد تواو ئەبێتن .

دزی و گەندەڵی و پۆخڵی ، وەکی کە مە گوت ، پارەک دانەبراو لە سروشتی دەزگای دەسەڵاتداریی سەردەمە . خۆ خەریک کردن بەم کێشە لەو رێکارە نادروستەوە هیچ لە ماک و ناورۆکی کێشەکە کەم ناکاتەوە . خەڵک ئەشی ئەوە بزانن کە بەشیان لە سامان و داهاتی وڵات و نیشتمانەکاەیان ئەبیَ لە بەرماوەی دزەکانەوە دابین بکریَ . ئەشی یەکەم دزەکان تێر بن و ئەگەر شتێکیان لیَ مایەوە ، ئەوجار ئەمان شتێکیان بەر ئەکەویَ . وزە و کێش و لێهاتوویی ئابووری تاکی کورد ئەشیَ لۆ ئەوە تەرخان بکریَ کە لە دۆخی ئیمرۆی جیهانا ، کەلێن و ریکارێک بدۆزنەوە پەی دەڵەمەند کردنی وڵاتەکە و تێر کردنی دزەکانیان و ئەجا خەڵکەکەیان .

ئەزموونی هەڵدانی ئابووری تورکیە لە دە دوانزە ساڵی رابردوودا مەشیا سرنجی وردی ئابووری زان و هەروەتریش دزگرەکانی کوردستانی راکێشابا . هۆکاری ئەو هەڵدانەی ئابووری ترکان لێگرە مەبەستە . ئابووری سەرمایەداری جیهانی تووشی وەستان و قەیرانێکی بە مەبەست سازکراو هات و نرخی سوو لە بانکەکانا دابەزیە سەر هیچ . ئەمەش وای کرد ، گۆر یاسا و رێسای ئابووری سەرمایەداری ، کە دەرووپەکی دیکە لۆ خۆیان وەبێنن و سەرمایەکەیان وەکار خەن . سەرمایەی کەڵەکە بوو و پاشەرۆک خراو لە ئامریکا و ئاورووپا وەک مریشکی هێلکەکەر لە کڕ کەوت . تورکیە ، بوارێک بوو کە دیسان مریشکی سەرمایەداری ئەخستەوە کڕ . ئەمەێچ بەو واتایە کە قەیرانی سەرمایەی ماڵی هۆکاری یەکەم و سەورەکی بووگە لە هەڵدانی ئابووری ترکان . وانەش لەم ئەزموونە ئەوەسە کە هەتا ئابووری جیهانی بەخۆیا نەهاتگەسەوە و نرخی سوو لە ئاستی هیچ دایە ، بواری ئەوە پەی ئابووری نەوەکام و هێژ سەقامگیر نەبووی کوردستان هەس کە برِە سەرمایەیەکی ماڵی جیهانی سەرمایەداری بۆلای خۆی پەل کێش بکاتن . لۆ ئەم مەبەستە ئابوورییەش ، تەناهی و ئارامی کەش و هەوای سیاسی و دڵنیایی لە هێزی پارستن و بەرگری لە سەرمایەی پارەپەرەستان پێویستە لۆ وەگەڕ خستنی ئاشی پارە پەیا کردنیان ، ئانکو مریشکی لە کر کەوتوویان بخاتەوە کڕ . وەکی دن بە تێپەڕ بوونی قەیرانی ئابووری جیهانی و هەڵسانەوەی نرخی سوو کە وردە وردە خەریکە دەس پیَ ئەکاتەوە ، ئیدی ئەو دەرەتانە لۆ ئابووری کوردستان فرە کێمتر و بەرتەسک تر ئەبێتەوە .

گەمەی خاپێنەر و چەواشەکارانەی دژە گەندەڵی و پۆخڵی سروشتیی دام و دەزگای سەرمایەدارانەی کوردستان ، یارمەتی گەشەی ئابووری کوردستان نادات بەو شێوە و رێکارە سیاسی یەی کە گیراوەتە بەر . لە مەش خراپتر ، ئەبێتە هۆکارێک جە هۆکارەکان پەی ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و تەناهی و هەڵاتن و دوور کەوتنەوەی سەرمایە ناوخۆیی و دەرەکیەکان لە کوردستان وەک ئامریکایی و ئاروپایی یەکان بە راشکاوی لە هەولێر دایان بە گویَ کوردا . ژ ئەگەریَ ڤیَ چەندیَ ژی خەلکێن ئاسایی یێن کوردستانێ زەرەرمەندی سەرەکی ئەبێتن و دۆخی گوزەران و ژیانیان سەخڵەت تەر و گرانتر و ناهەموارتر ئەبێتن . دزەکانیش لەوانەیە ، کوردەکەو ماچۆ ، مێشێک میوانیان نەبیَ .

# ئاریشه و ئاریشەی فرەتەرتەر ، دەسا کێوەکان ئێوەش وەرن

ئاریشەیەل فرەن و هەر رۆژەش لێیان زیاد ئەبێ . یەک جە وان ، شکاندنی نرخی نەوتە. ئابووری نەوەکام و هێژ سەقامگیرنەبووی کوردستان وەبان نەوتەوە ئەسووڕی . شکاندنی نرخی نەوت لەم دوایی یانەدا ئاریشەی گرانی ژ کورد و کوردستان ڕا پێک ئانیە . ئەم قۆرتەیچ کەفتە بان قۆرتی بە مەبەست سازکرای گەمارۆی ئابووری بەغداد و هەرتکیان بوونە هۆی گوشار و تەوژمی فرە قورس و گران لە سەر کۆمەڵانی خەڵک . ئەوەیچ لە کێشی دەسەلات و حکوومەتی کوردستانا نیە کە بەسەریاندا زاڵ بێت وەک زۆربەی وڵاتانی دیکە بە گەورە و بچووکەوە .

قەیرانی ئابووری جیهانی خۆی بەس نەبوو کە قورتی گرفتی ئابووری چێنیشی هاتە بان و ئاست و مەودای قەیرانەکەی بەرفرەتەرتەر کردەوە و ئاسۆی دەرباز بوون لە قەیرانی ئابووری جیهانی تا ڕادەیەک کز و لێڵ کردگە . ئەمەش کاردانەوەی ڕاستەوخۆی ئابووری و سیاسی ئەبێتن لە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد لە ڕێگای یاریکەرانی ناوچەیی و جیهانیەوە .

شەڕی هۆڤانەکانی داعش یەک لەوە ئا ریشانەیە کە کوت و پڕ بەر دەرگای لێگرتین و ماوەیەکی باش و دلتەزین و سەختی ویست هەیا کوردیەل بە خۆدا بێنەوە و خۆ لۆ ئەو شەڕە تەیار و ئامادە بکەن . شەڕەکەش وادیارە شەڕێکی درێژخایەن ئەبێت و بەم زووانە لە کۆڵ نابێتەوە . وەکی مە لێگرە ئاماژە پێ کر ، داعش دوائاکامی ڕەوتێکە کە بە هاوهاوی بەعس و عەجەم و ستراتیژی ئەلقاعدە ، لە سەر بنەمای هەڵەی ستراتیژیکی ڕۆژئاوا ، لە پاش شەڕی یەکەمی کەنداو و ڕاپەڕینی باشووری کوردستان ، لە کوردستان و دژ بە کورد و کوردستان دەستی پێکرد و شەڕی دووهەمی کەنداو تەقاندیەوە . کۆمەڵێک هۆکاری ناوچەیی و دەرەکی جیهانی و ناوخۆیی کوردستان ، بواری لۆ ئەو ڕەوتە ڕەخساند . سەرکردایەتی باشوور وەستایانە بەرەنگاری دیاردەی داعش بوەوە و شەڕەکەی بە قازانج و بەرژەوەندی کوردا شکاندەوە . ئافەرینیان لێ بێت . شەڕی دژی داعش ها وە سەر سکەی خۆی و چاوەڕوانی ڤێ چەندێ ژی تێ کرن کە ببێتە هۆکارێک ئەڕای فرەتەرتەری بەرەو پێش چوونی دۆزی نەتەوەیی کورد . کورد و هێزی پێشمەرگە بوونەسە تاقە هۆکاری کارا و جێ بڕوا لە شەڕی دژی داعش . سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بە سەر هۆڤانەکانی داعشا ، سۆز و هەستی هەموو خەڵکی جیهانی ، بە پاپای ڤاتیکانیشەوە ، بۆ لای کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی ڕاکێشاوە و بووگەسە هۆکارێک کە بواری گەشەکردنی چەندایەتی و چلۆنایەتی هێزی چەکداری کوردی لۆ داهاتوو مینا هۆکارێکی ستراتیژیکی پەی گەیشتن بە ئارمانجی سەربەخۆیی و دواتریش پاراستنی ، ڕەخساندوە .

سازان و ڕێککەفتنی ئاتۆمی مەلای عەجەم و ڕۆژئاواییە کانیش یەکەک دن جەو کێشانەس کە ڕاستەو خۆ کار ئەکاتە سەر ستراتیژی نەتەوەیی کورد بە گشتی بەوەی کە ڕاستەوخۆ هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە ئەکەوێتە بەر کاریگەری ولو ڕێککەفتنێک . مەلای عەجەم و ڕژیمە سەفەویی کەیان دەست و باڵی ئاوەڵاتر بووگەسەوە پەی دەس تێوەردانی کاراتر لە کاروباری ناوچەیی بە کوردستانیشەوە ، وەک ئەبینرێ . قەیرانی سیاسی و پێک هەڵپرژان و شەڕی عارەب و عەجەم قووڵتر و بەرین تر بووەتەوە بە هۆی ئەم ڕێککەوتنەوە .

قەیرانی مرۆیی یەکێکی تر لەو ئاریشە کوت و پڕانەس کە شەڕی داعش لە دژی کورد ، بەمەست ، ڕووبەڕووی کوردی کردەوە . باری گرانی دابین کردنی پێداویستی سەرەتایی لۆ نزیکەی ٢ ملیۆن مرۆڤی پەنابەر لە کوردستان ، بە لەبەرچاو گرتنی کێشی ئابووری و قەیرانی سازکراوی بەشە پارە لە لایەن بەغداوە ، ئەویش لە دۆخی شەڕی نیشتمانیی ، گاڵتە هەڵ ناگرێ . سەرکردایەتی کورد دیسان وەستایانە و مرۆڤانە نەم ئاریشەشیان چارکردووە و نها کردەی کورد لەم بوارە بووگەسە هەوێنی بەرز بوونەوەی نرخی کورد و دۆزەکەی و جێگەی ئافەرینی جیهانی مرۆڤایەتی یە کە ڕەنگدانەوەی ڕووی ڕاستی فەرهەنگی کوردە .

ئیسلامیە دەسەڵاتدارەکانی ترک تووشی قەیران و شکان هاتوون لە ستراتیژی " ستراتیژی قووڵ ، ئانکو قووڵایی ستراتیژیک (Strategic Depth) – ئی دە داودئۆغلۆ " و هەر وسا ژی جە سیاسەتی دەرەوەیان کە لەسەر ئەو ستراتیژیە دایان ڕشتبوو . گومانیچ لەوەدا نیە کە ئەم کێشەیەش ڕاستەو خۆ کار ئەکاتە سەر ستراتیژی نەتەوەیی کورد . بەزمی ڕەوتی ئاشتی لە باکوور لە سەر ئەو ستراتیژیە هەڵچنرابوو و بە شکانیشی تێک چوو و شەڕی ترکان لە دژی کورد سەری هەڵدایەوە و ئاریشەیەک دن ژ ئاریشەێن کوردان زیاد کر .

کاتی خۆی شاسوار جەلال سەعید – شەهید ئارام – نەرێتێکی جوان و بەکەڵکی لە بزاڤی کوردێنی داهێناو و بە ناوی " ئەزموونی گەڵان " لە ناو یەکیەتی دا بۆ ساڵانێک درێژەی هەبوو . ئەمەش تایبەتمەندییێکی سەدەمیانە بوو کە شۆڕشی کورد پێویستی بوو . گەر درێژەی هەبا و گەشەی بکردبا ، ئەوە ئیتر کورد و نەخاسما جیل و نفشا نوو جە هەمبەر ڕووداوەکانی جیهانا و نەخاسما ئەو ڕووداوانەی کە ویکچوننیان بە دۆزی کوردەوە هەس و کار ئەکەنە سەر دۆزی کورد، چاوکراوەتر ئەبوون . ئەزموونی گشت پرسیەکەی سکاتلەند و ئەوەکەی کاتالۆنیای ئیسپانیا کە بەڕیویە و هەروەها ژی ئەزموونی قەیرانی ئابووری قیبرس و ئیرلەند و لەم دوایانەش ئی دە یونان ، چاوڕوونی و چاوکراوەیی پتری بە تاکی کورد ئەدا کە لۆ تێ گەیشتن و بەڕیوەبردنی دۆزی کوردێنی لە دۆخی هەنووکەیی دا گەلێک گرینگە .

لە سکاتلەند . مەردمەکە دەنگیان بە سەربەخۆیی نەدا لە بەر ڤێ چەندێ کو گەلەک گران و پڕ بەها بە سەریاندا ئەشکایەوە لە باری ئابووریەوە . بانکدار و پارەپەرەستان و یاسا و ڕیسای ناو نەتەوەیی ، سکاتلەندیان ئەکرد بە ژێر قەرزێکی ولو گران کە بە چەندین جیل بۆ خەڵکەکە هەڵ نە ئەسووڕا بیدەنە . سکاتلەندی سەربەخۆ پێش لە دایک بوونی لە ژێر باری قەرز و قوڵەی پارەپەرەستانا خنکا . هەر هەمان تەون و تەپکە لە سەر ڕیگای کورد و کوردستانیش دایە . ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردیش لە هەولێر یاسای پێویستیان لۆ هەموار کردەوە ، دەق وەک ئەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی یونان کردی لەو وڵاتە لە ژێر سەرکردایەتی چەپ و کمۆنیستەکانا . لێشیان ناگیرێت . هەر هەموو وڵاتانی جیهان بە هەرە گەورەکانیشەو وەک ئامریکا و ئینگلیز و ژاپۆن و ئاڵمانیا و فرانسە و ئیتالیا بە ئابووری بەهێز و گەورەشەوە ، هان لە ژێر باری ئەو بابەتە قەرزەوە و کوردەکەو ماچۆ هەتا بیناقاقایان تێیدا چوقیون و گیریان کردوە . نرخی سووی ئەو وڵات و ئابووریە گەورانە لە خوارەوەیە . ئی دە کوردستان لە بەرزترین ئاست دایە – نزیکەی ١٢ لە سەدا . قەبە و کارایی و ئاستی بەرهەم هێنان ئابووری ، نرخی سووکە لە هەر وڵاتیک دیاری ئەکاتن . لە یونانا ئەو نرخە لە دەوروبەری ٦ لە سەدا بوو و وڵاتەکەی تاساند و تووشی ئەو قەیرانە ئابووری و سیاسیەی کرد . جا ئیتر دۆخی کوردستان لە داهاتوودا جێ لێدێ و چۆن ئەبێ ئەشی لە هەمووان دیار بێتن . ئەمەش تەونێکە کە هەر لە ئێستاوە ئەڕای کوردستانی سەربەخۆی داهاتوە تەنراوە . وەکی کە گوترا لە کێشی کورد و دەسەڵاتەکەی و سەرکردایەتیەکەی دا نیە کە بەری پێ بگرێ وەک چۆن وڵاتە زل و زەبەلاحەکانیش لە هەمبەریدا دەستەوسانن و چتێکی ئەتۆیان پێ ناکرێ . ئەو نرخە بەرزی سووخۆرانیش بەو مانایە کە بەشێکی باش و بەرچاوی سامان و داهاتی خەڵک و خاکی کوردستان هەر لە ئێستاو لۆ گیرفانی سووخۆران تەرخان کراوە . دەک بە ژەهری ماریان بێ ، دەک بە سندانیان بێت .

وەک لە ئەزموونی سکاتلەندا دەرکەوت ، کوردستانی سەر بەخۆی داهاتوو ، باری بەشەبرای داگیرکراوی داگیرکارانی عارەبی بەغدای بە سەردا ئەبڕدرێت . کوردستانی سەربەخۆی داهاتوو ئەشی مل کەچی تێکڕای ئەو گرێ بەستە ئابووری و سەربازی و چەک وچۆڵە کرینە بێت کە لۆ دژایەتی خۆمان واژۆ کراون . ئەمەش فێڵێکە کە سیاسیەکانی بەغدا لە کوردی ئەکەن و کوردیش وەک بەشێک لەو دەسەڵاتە ، بەشێکە لەو گرێ بەستانەیە و ئەشێ مل کەچی بێت و باجەکەشی بدات .

دەنگۆی هەڵ وەشانەوەی سایکس پیکۆ و ڕێکخستنەوەی نەتەوەیی و سیاسیانەی دەڤەرەکە ، فرمانێکی گەورە و گرانی مێژوویی یە کە ئەشی کورد خۆی لۆ تەیار و ساز بکاتن . ئەم فرمانەش لە ئەگەری جێ بەجێ بوونیدا دیان و بگرە فرەتریش ئاریشە ساز ئەکات و قەیرانە ناوچەیی و جیهانیەکان فرەتەرتەر قوویل ئەکاتەوە و مەلەوانی کارامە و لێ زان و چازانی ئەوێتن تاوەکی کەشتی ولاتەکەی بەرەو ئاسۆ و کەناری سەرکەوتن باژوێ .

تێکڕای ئەم ئاریشانەش بەس نەبوون ، ئەوەتا ئاریشەی ناوخۆیی و ململانێی سیاسی ناساخ و بەمەبەست سازکراویش هاتە بانی . هەمووان ئەزانن کە شەڕی داعش لە دژی کورد پاش ئەوە هاتە کایەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کە سپا فشۆڵەکەی بەغدا لۆ داعشی چۆڵ کرد ، گرتەوە . زۆری نەخایاند کە سەرکردایەتی کورد ئەو دەس پێشخەریەی خۆی وەک جێ بە جێ کردنی خاڵی ١٤٠ ڕاگەیاند . لە ڕاستیدا گەر لە خۆمان و خەڵکی دیکەشی تێک نەدەین ، ئەزانین کە شەڕی چاوەروان نەکراوی داعش کاردانەوەی نەیارانی کورد بوو جە هەمبەر وریایی سیاسی و دەس پێشخەری سیاسی و سەربازی کورد . هەر لەم پێکیەش ، هەوڵیکی کاریگەری سەرکردایەتی کورد لەم دواییانە پەی هەموارکردنی فرمانی سەربەخۆیی کوردستان ، بە تایبەت لە ئامریکا ، گوڕێکی باشی بە دۆزی کورد دا ، هاوتەریب وەگەرد دەس پێشخەریەکەی پێشوو . ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە قەیرانی ناوخۆیی بە دواوە بێت و دۆخێکی وسا بێتە ئاراوە کە هەموو گرفتە گاورە و گرانەکانی دۆزی کورد لە بیر بچێتەوە . ئەمجارەش کۆنە کمۆنیست و ئیسلامی کۆنە ئەنساری ، دیسان وەکی ئاژاوەکەی بەر دەرکی سەرای سلێمانی ، یەکیان گرت و کەلێنی یاساییان بینیەوە و ڕێکاری ناساخیان گرتە بەر لۆ تێکدانی دۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی کوردستان پەی بەرپەرچدانەوە و پووچەڵ کردنەوەی ئەو دەسکەفتە سیاسی و دیپلۆماتیکیەی سەرکردایەتی کورد دەستەبەری کرد . دەس تێوەردان و تیلی مەلای عەجەم ژی لەم گەمە سیاسیەدا لە هەمووان ڕوونە .

دۆخی هەنووکەیی ، قەیرانێکی سازکراوی دیکەی خستە سەر کۆی قەیرانەکان . قەیرانی کۆچ و کۆچبەران و ڕاکردنی خەڵک و بە تاینەتی گەنجان ، کۆبەرهەمی هەموو ئەو قەیرانانەن کە کوردستان تووشی بووە و دوا قەیرانی ناوخۆیی سازکراو تەقاندوویەتەوە . قەیرانی کۆچبەری لە ڕۆژئاڤا گەیشتوەتە ئاستێکی پڕ لە مەترسی . وازهێنانی بە لێشاوی خەڵک لە زێد و ئاخا خۆە ، کوردستان لۆ داگیرکەران چۆڵ ئەکات ، با درێژەی عارەباندنی ناوچە و دەڤەرە کوردیەکانیچی بخەینە بان کە وەک کاتی بەعسی بەڕێوە ئەچی گەر فرەتریش نەبێ . هەر هەموو دوژمنکاری داگیرکەران و نەیارانی مێژوویی کورد قەت نەیان توانیە دۆزی کورد تا ئەم ڕادەیە نزم بکەنەوە . ئەم قەیرانە ژ ڕۆژئاڤا کارەساتێکی بەمەست سازکراوە لە دژی دۆزی نەتەوەیی کورد کە تا ڕادەیەک بەشی باشوور و ڕۆژهەلاتیشی گرتوەتەوە . هیچ دوور نیە کە مەبەستی سازکەرانی قەیرانی کۆچبەری ئەوە بێتن کە بەشێکی کورد نەخاسما گەنجان لە نیشتمانی خۆیان دوور بخەنەوە و بیان خەنە دۆخی نامرۆڤانەی پەنابەری و لەو دۆخەدا لۆ مەبەستی سیاسی دیاریکراو پەروەدە بکرێن . کورد لە باکوور ئەم ئەزموونەی هەیە و ئاکامەکەشی خویایە . کارێزکەنێک ، کارێزەکەی لێ ڕووخا و کەرەسە و کەل و پەلی لێ بزر بوو و ئاوی کارێزی کوێرەوە بوو و هیچی بۆ نەماوە . دژ بەم دۆخە دژوارە ، ورەی بەر نەدا و هاواری کرد دەی کێوەکان ئێوەش وەرن ، برووخێن بەسەرما ، ئاوی کاریز هەر دەرئەخەم . ئەمەش بوەتە چارەنووسی کورد . کاتی خۆی ، پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی ، پێشمەرگەیەکی کوردستان ئەوەی دەربڕی کە هیچ نەما لەسەرمان تاقی نەکەنەوە . هەر لە بۆمبای ناپاڵم کە چرچیڵ بۆ یەکەم جار لە کوردستانا تاقی کردەوە هەتا کێمایی یەکەی بەعس ، تەنیا بۆمبی ئاتۆم ما کە لە کوردستان تاقی نەکرێتەوە . کوردیش بە سەر هەموویانا زاڵ بوو و چۆکی دانەدا . ئێستاش ئەوەتا قەیران دوای قەیران لۆ کورد و بزاڤە نەتەوەیی یەکی ساز ئەکرێ . وەکی کارێزکەنەکە گوتەنی ، دەسا کێوەکان ئێوەش وەرن ، سەربەخۆیی هەر دەس ئەخەین .

ئەم بابەتە کێشانە ، ئەوانەن کە راستەو خۆ کار ئەکەنە سەر ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی دۆزی نەتەوەیی کورد و بە هیچ کلونجیک کورد ناتوانی و نابێ خۆی لێ نەبان بکات و ئانکو خۆی لێ بدزێتەوە . ئەمانە گرفتی ڕاستەقینەن ئەڕای مەردم کورد کە ئەشی خەڵک بە گشتی لێیان ئاگادار بکرێنەوە و ساز بدرێن لۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان . تاک و هێزی سیاسی و بەدەربەس مەشیا بە گەرمە و سووری خەریکی ئەم بابەتە ئاریشانە بن پەی دۆزینەوەی ڕێکار و چارەسەی کوردانە لەبۆیان . ئەمەش دەبا ببوایەتە پێوار پەی هەڵ سەنگاندن و نرخاندنی هەر تاک و کۆمەڵێکی سیاسی و ناسیاسی لە کوردستان وەکی کۆمەڵگەهک ئا سەردەمیانە . لێ لە کوردستان ، مەردم کورد جە مێژە تووشی ئاستەنگ و ئاریشەی کۆمەلایەتی بووە و ڕێگا و ڕێچکا ێن راست و دروستی کوردێنی پڕ بووگە لە ئالۆزی و ئارێشە و هێژ ژی یەخەی بەرنەداوە .

# تەبایی و ناتەبایی نەشیاو و ناسەردەمیانە

جە سەردەمی پاش شەری جیهانیی دووهەم پێرا ، وەکی هاتە گوتن ، جیل و نفشا یێن نو ئا شاری گرفت بووگن و لەم دوایانەش گۆڕ دۆخی سەردەمەکە گرفتی ئیسلامی سیاسی هاتگسە بانی . ئیسلامە سیاسیەکە چەند بابەتن ، ئی دە ئیخوانەکان و ئی دە سەلەفی و ئی دە داعشی زەقترینیانن . ئیسلامی نەریتی و باوی کوردەواری نابێ ئاوێتەی ئەمانە بکرێتن . چاوەڕوانی ڤێ چەندێ ژ ئیسلامێد سیاسی نایتە کرن کو گۆڕ پێدڤیا بزاڤا نەتەوەیی یێن کوردان بجوولێنەوە . کورد و کوردستان لۆ وان بە تەنێ گۆڕەپانی ڤەژاندن و سەرخستنی ئیسلامەکەیانە . کێشەی نەتەوەیی با وان چ جێگایەکی نیە ، جووره بڕوای ئایینی ئیسلامی عەرەبی . بابەتی داعشیانەی کۆنە ئەنسارەیەلیچ ئیدی جێگەی باس و خۆ پێوەخەریک کردن نین . کوردستان قەت نابێتە داعشستان ئانکو تاڵەبانستان و خەونی نەزۆکیان پڕ واڵا و بەتاڵە . ئیسلامی سیاسی ئیرۆ ئانکو ئەوەتا وەگەرد کورد نین ، ئانکو دوژمنی شاراوە و نهێنی کوردن کە خۆیان مڵاس داوە لە ناو کوردا . خاڵی جێگەی سرنجیش ئەوەسە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستانا هێژ نەگەیشتوونە ئاستی پڕ مەترسی و گەوهەر و ماکی فەرهەنگی کوردی هەتا ئیستا ئەو بوارەی پێ نەداون و پێشیان نادات کە لە کوردستانا تەراتێن بکەن . ئەوەش کە تا ئیستا لەو ئاساتەدا هەن ئەزڤرێتە سەر ناتەبایی و گەمەی سیاسی نەباش و جارنا قرێژی هێزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی شۆڕشی کوردستان ، نەخاسما جە باشووری کویدستان . ئائەمە خاڵی شیاوی ڕامانی قووڵ و سووری دۆخی هەنووکەیی و قەیراناوی باشووری کوردستانە .

بە پێچەوانەی قۆناخە مێژویی یەکانی بەرێ ، قۆناخی هەنووکەیی و زۆربەی هەرە زۆری تایبەتمەندیەکانی لە ئاستی گشتی دا ڕوون و خویانە . گەشەکردنی کەرەسەی پێوەندی سەردەمیانە بواری لۆ ئەوە ڕەخساندوە کە کۆمەڵانی خەڵک نەک هەر ئاگاداری ڕەوتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بن ، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداری ڕاستەوخۆ ئانکو ناڕاستەوخۆ ڕووداوەکانی ژیانیان بن لە هەموو بوارێکدا . ئەمەش بواری سیاسەت و دیپلۆماسی نهێنیکارانە و دزە وفزە و گزەی سیاسی ، زۆر بەرتەسک کردوەتەوە . ئەگەر خەڵکانێک بەخۆدا ئەپەرمان کە قۆناخی سەرەتا و دەس پێکی شۆڕشی نوێی کورد بە قۆناخی تێ هەڵدانی گەل دیاری بکەن ، ئیتر بۆیان نالوێ ئەم قۆناخەی ئێستا وەک قۆناخی خاپاندنی گەل بنرخێنن . مێژووی مرۆڤایەتی ئەو قۆناخانەی بڕیوە و ئەوانەی کە لە سەر وەها بیرۆکە و بۆچوونێک هەڵیان چنیەوە، دێر ئانکو زوو ئەی دۆڕێنن .

یەکەک دن ژ تایبەتمەندی ژیانی ئەم سەردەمەی مە ئەوەسە کە هێڵ و ستراتیژی سیاسی هیزە کۆمەڵایەتیەکان فرەتەرتەر دیاریکراوە و رای گشتی لێی ئاگادارە . سازان و ڕێکەوتن و هاوهاوی هێزی سیاسی نها بە زۆری لە سەر ئەم بناغەیە تێنە ئاراوە و هەروەتریش بازرگانی سیاسی . زۆر جار وا ڕێک ئەکەفێ کە هێزێکی سیاسی بەرنامە و ڕێکاری هێزێکی نزیک لە خۆی وەرئەگرێ لۆ مەبەستێکی دیاریکراو . لێ زۆر ناخاێنێ کە ئەو بابەتە فێڵە سیاسیە ئەناسرێتەوە و لایەنی فێڵەبازی سیاسی ئەی دۆڕێنێ . ئانکو جارنا هەیە کە یەکگرتوویێکی نابەجێ و کاتی و درۆزنانە لە شوێنێک وەک کوردستان ساز ئەکرێ کە تەمەنیان فرە کورتە و سەرجەم لایەنە بەشدارەکان ئەبنە دۆڕاوی ئەو گەمەیە ، بەوەی کە ئاستی دووری و نزیکایەتی ستراتیژی سیاسیان لە ئاستی گشتیدا زانراو و ناسیاگە و گیان و ئاستی زانیاری گشتی بواری ولو گەمەیەک بەرتەسک و کورت ئاکاتەوە . سیاسیکاری بە ئەزموون و لێزان خۆی لەو بابەتە گەمانە نادات .

وەکی کە پێشتر گوتمان ، کەسایەتی مێژوویی ، بڕیاری مێژوویی ئەدات و مۆرکی خۆیان ئەنێن بە مێژووە . ئەمەش پێدڤی بە ڤێ چەندێ هەس کە ئەو کەسایەتیە بە وردی و بە زانا بوون ، مێژوو و ئەرکی مێژوویی ناس بکاتن ، وەکی دن ئەم ئاکارە نای گرێتەوە . پێشتر باسی هێندێک بڕیارە مێژوویی یە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستانمان کرد لە سەدەی ڕابردوو. ئاسەواری ئەرێنێ و نەرێنی ئەو بڕیارانەش هەتا ئێستا وەک کورد ، پێوەمان دیارە . قەیران و ئاریشەی ناوخۆیی هەنووکەیی لە کوردستان بە گشتی نەک لە سەر بنەمای دژایەتی و بەرژەوەندی چینایەتی و کۆن و نوێ بەڵکو لە سەر

ناڕوونی و تێ نەگەیشتوویی لە تاینەتمەندی قۆناخە مێژوویی یەکە و ئاسەواری کۆنی بڕیارە نامێژوویی و دژە مێژوویی یەکانی پێشترە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە سەر کوردا بڕا ، فرەتر بە فیتی دوژمنان و نەیارانی کورد . وەکی کە هاتە گوتن ، ماک و ناوەرۆکی هەر هەموو هێزە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکانی کوردستان لە خەڵک و لە مێژووش ڕوونە لە ئاستێکدا کە تەنیا بە ناو هێنانیان ، هەموو چتێکیان ئەزانرێ . لەمەش فرەتر و قوویل تەر ئەوەسە کە بەبێ ناوهێنانیش و تەنیا بە ئاقاری سیاسی و کۆمەلآیەتی لە گەنگەشە و لێدوانا ، بە ئاسانی لەلایەن خەڵکەوە ئەناسرێنەوە . لە سەر ئەم بنەمایە خەڵک بە ڕەوا و ڕاست و دروستی چاوەڕوانی کار و کردەی گونجاو وەگەرد پێناسەی هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەلآیەتیە . ئەوەش کە لە پێناسەی خۆی لائەدات و لۆ مەبەستی بازرگانی و گەمەی سیاسی لەم چاوەڕوانیە لائەدات ، ئەبێتە دۆڕاوی گەمە و هەڵە و پەڵەی خۆی .

زانستی کۆمەڵناسی و مێژوو ئەو ڕاستیە دەرئەخەن کە هێزێکی سیاسی پشت بەستوو بە بنەماێکی مێژوویی کۆمەلآیەتی، چ ئی دە کۆن و چ ئی دە نوێ ، دیاردەیەک نێنە کو بە هەند وەرنەگیرێن . بەرز و نزم بوونەوە لەوانەیە بەشێک بێت لە سروشت و چارەنووسی ژیانی سیاسیان ، لێ بنەما کۆمەلآیەتیەکانیان بواری درێژەپێدان و بەردەوامیانی ڕەخساندوە و ئەی ڕەخسێنێ . بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستیە حاشاهەڵ نەگرە ، ئیدی ئەوەی پێی وابێ و بەو جۆرە لە مێژوو و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێگەیشتبێ کە لە یەک دوو هەلی هەڵکەوتوودا ، لایەنی دژبەری بنەبڕ ئەکات ، ئەبێ پێش هەر بڕیارێک، بڕێک مێژوو و یاسا و ڕیسای گەشەی کۆمەلآیەتی فێر بێت . هێزێکی سیاسی بە بنەمای چینایەتی و بەرژەوەندی کۆمەلآیەتی دیاردەیەکی کاتی نیە کە بە خێرایی تێپەڕێ و کوێر بێتەوە . دوژمانی کورد وکوردستان بەو بیرۆکە دۆڕاوەوە هەڵس و کەوتیان وەگەرد کوردیەل کردگە ، هەر بۆیە هەتا ئێستا هەر دۆڕاو بووگن و دۆزی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ ، پشتی هەر شکان و نەکسەیەک ، بەهێزتەرتەر سەری هەڵداوەتەوە .

هێزی ئیسلامی سیاسی ، هێزێکی کاتی و ناتەبا و نەگونجاو وەگەرد ڕەوتی گەشەی کۆمەلآیەتی مرۆڤایەتیە . هەل و مەرجێکی تایبەتی و برە گەمەیەکی ناساخ و تژی گزەو فزە ، بواری سەرهەڵدانیانی ڕەخساندو . ئیسلامی سیاسی بنەما و بەرژەوەندی چینایەتی و نەتەوەیی نیە . ئەوەی وەک ئادیۆلۆژی ئیسلامی پشیتیان وەپێ بەستگە ، ناسیۆنلنالیزمی پان – عارەبی لە چوارچێوەی ئایینیە . دەسەلآتی سیاسی ئیسلامی هەر زوو تەپی و تەنیا وەک ناوێکی بێ ناوەرۆک مایەوە لۆ مەبەستی بازرگانی سیاسی . بەناو خەلافەتە ئیسلامیەکانیچ ئی دە کۆن و نوێ وەک ئومەویی و عەباسی و عوسمانی تەنیا ناوێک بوون بۆ مەشاندنا دەسەلآتێکی سیاسی نا ئایینی و نا ئیسلامی . ماک و ناوەڕۆکەکەشیان نامۆ و ناتەبا بووە وەگەرد ڕەوتی گەشەی کۆمەلآیەتی . گەر واز لە کۆنەکانیان بهێنین و سرنج بدەینە سەر ئەم سەرهەڵدانەوەی ئێستایان ، لۆمان دەرئەکەفێ کە ئەمانەی ئێستا تەنیا قورتێکی ناتەبا و ناقۆلان لە مێژووی مرۆڤایەتی . ئەزموونی میسر و ئەخوانەکان لەو ولآتە دەری ئەخات کە ئەم بابەتە قورتە ناتەبایە هی سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی نین و چ جێگایەکیان نینە لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا . لە میسر ئەخوانەکان سەری خویان خوارد و خرانە پەراوێزەوە و لەوانەشە لە داهاتوودا ناویان نەمێنێ . هۆڤانەتی کۆنی ئەلقاعدە و ئەنسارەکانی کوردستان و هی ئێستای داعش ، گۆڕیانی هەل کەندوە و دێر ئانکو زوو لە گۆڕ ئەنرێن لەلایەن خڕ مرۆڤایەتی سەدەمەوە . داعش کۆبەرهەمی ئەو ڕەوتەیە کە لە شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستانەوە دکار کەوت و هاتنە سەرکاری مەلای عەجەم و ژیانەوەی شیعەگەری سەفەویی لە ئێران و سەرەڕویی و سەرشێتی بەعسی سەدامیی لە پەلآماری کوێت و ئاکام و دەرئەنجامەکانی ، وەک ڕاپەڕینی کورد لە باشوور ، خوڵقاندیان . داعش سەری ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و نا سیاسی ئەخوات و کردەی دژە مرۆڤی عارەبی – ئیسلامی ڕەشەکوژی و هۆڤانەتی و ژیانەوە و هێنانە سەرشانۆی هۆڤانەتی بەرێی ئیسلام ، هەر ئێستا بناغەی ئیسلامی سیاسی هەڵ تەکاندە و لەوانەشە لە داهاتوویێکی نزیکا ( لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ) یەک سەر و بە یەکجاری بیان سڕێتەوە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا .

مەبەست لەم گەنگەشەیە ئەوەسە کە بگەینە ئەو پرسیارە کە تێکەڵ بوون و هاوهاوی هێزێکی کۆمەلآیەتی کوردستان بە بنەما و پاڵەپشتی کۆمەلآیەتی و مێژوویی یەوە ، ئەشی لە سەر چێ هەڵ چنرابێ و چی تێدا بێ پەی بەرژەوەندی چینایەتی و کۆمەلآیەتی و مێژوویی ئەو هێزە . زەق و ڕاشکاوانەتر بووشین ، ئەشی بنەمای سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی و ستراتیژیکی

هاوبەشی نێوان کۆنە ئەنساریەک و ئەخوانێک وەگەرد چەپ و کۆنە کمۆنیست و ئانکو دێمۆکراتێکی ئیمرۆژی بە پێشینەیەکی دوور و درێژی خەباتکاری و کوردێنی ، چی بێت و لە سەر چ گەڵاڵە و بەرنامەیەک لۆ داهاتووی کورد و کوردستان سازکرابێ . گۆڕ هەر هەموو گەز و ڕبە و پێوانە و پێوەرێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی و کۆمەڵایەتی و دیرۆکی، هێزە نەتەوەیی و دێمۆکرات و کۆمەڵایەتیەکان ، ئەشی لەو ئاستەدا لە یەکتر نزیک بن کە بەرژەوەندی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئەرکی مێژوویی سەردەمی خۆیانی وەپی مسۆگەر بکردبا . کەچی بە پێچەوانەوە ، ئەبینرێ کە ڕێکارە راست و دروست و گونجاوەکە شێوێندراوە و هەموو شتێک ئاوەژوو بووەتەوە لە کوردستان . ئاکامەکەشی ئەم قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەیە کە بێگومان ئاوسی قەیرانی فرەترە و دۆخی بزاڤی نەتەوەیی ئاڵۆزتر و نەلەبار تر ئەکات .

دیاردەیەکی سەیر و سەمەرە و پرسیارێکی سوور و برێک هەژێنەر . ئەرێ ئەوە چ ئادێۆلۆژی و چ سیاسەت و چ بەرنامەێکی سیاسی یە کە سەر ڕووت و ئەفەندی و میرزای خوێندەواری ئاستی بەرز ، ناچار ئەکات کە وەگەرد ئیسلامی سیاسی توندئاژۆ ئانکو نەرم و نیان و لەمەش خراپتر و بە تایبەت بەعسی سووری و عەجەم و عارەب و تورکی داگیرکەری کوردستان یەک بگرن و یەکگرتنەکەشیان لە دژی هێزە ڕەسەنە نەتەوەیی یەکانی کوردستان بێت . ئەرکی سیاسی و مێژوویی سەردەم ئەشی وای بکردبا کە بە پێچەوانەی ئەو دیاردە نامۆ و ناتەبایە ، پێچەوانە بوایەت . دەبا هێزە دێمۆکراتەکانی کوردستان یەکیان بگرتبا لە دژی ستراتیژی هاوبەشی وەهابی و سەفەویی و عوسمانلی . ئەمەش تاکە ڕێکاری شیاو و گونجاوی کوردانەیە کە بەرژەوەندی هەموو لایەنە سیاسی یەکانی کوردستان مسۆگەر ئەکاتن . چ گۆومانێک ژ ڤێ چەندێ ڕا نینە کو ، گۆڕ ئەزموونی یەکیەتی نیشتمانی لە مێژوویی نوێ و جە شۆڕشی نوێی باشوور ، توێژی خوێندەواری شاری باشترین و لەبارترین هەلی کاریگەر بوونیان لە ئاستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هاوپەیمانی و یەکانگیری وەگەرد هێزە نەتەوەیی یە ڕەسەنە کوردیەکان بۆ ئەڕەخسێ . بە بێ یەکیەتی نیشتمانی و بەبێ مام جەلال و ڕێکارە سیاسی – مێژوویی یەکەی ، کۆمەڵەی مارکسیست لنینیست و دواتر کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەرگیزاو هەرگیز نە دەبووە ئەو یاریکەرە سیاسی و شۆڕشگێریە لە گۆڕەپانی بزاڤی نەتەوەیی کورد وەک هاو وێنەکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان سەلمادیان . ئەزموونی یەکیەتی ئەشی دەولەمەند بکرێ و پەرەی پێ درێ و گشت لایەک بگرێتەوە لو کوردستان ، نەک کوێر بکرێتەوە وەک ئەوەی نها ژ باشووری کوردستانا ئەبینرێ .

وانەی سەرکەوتووی مێژوویی یەکیەتی نیشتمانیەکەی مام جەلال لەم بوارەدا ئەشی ببێتە مینایەک پەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی و لەو ڕاستیەش بە تەواوەتی تێ بگەن کە ڕێکاری یەکیەتیانە تاکە ڕێی چارکردنی ئاریشەی کوور و قووڵ و دوور و درێژ و خوێناوی ناوخۆیی یە هەم ئەڕای پارتی و هەمیچ پەی یەکیەتی نیشتمانی بەتایبەتی و بۆ کورد بە گشتی . هەڵوێستی ئەرێنی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە مەڕ شەڕی ناوخۆیی جە ولو ڕیکارێک بواری جێ بە جێ بوونی هەس و لە دروشمەوە ئەبێتە ڕاستیەکی چەسپاو و سەلمێندراوی کۆمەڵگای کوردەواری و دەستەبەر کردن و سەقامگیرکردنی تەناهی و ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان . گرینگی و نرخی ئەم ڕیکارە مێژووییەی یەکیەتیەکەی مام جەلال کاتیک پتر دەرئەکەوێ کە بەراوەرد بکرێت وەگەرد دۆخی ساڵانی ٦٠ ەکان و کارەساتی بەکرەجۆ. گەر ئەم ڕێکارە کوردانەی یەکیەتی لەو ساڵانەدا لە ئارادا با ، ئەوە ئێتر کورد وەیشوومەی بەکرەجۆی بەسەردا نەئەهات. بەم پێیە ئیدی ئەوە تەنیا ئەمەگ و پێزانین نیە لۆ مام جەلال وەک داهێنەری ئەو ڕێکارە ، بەڵکو پێداویستی مێژوویی بێ ئەم لا و ئەلا و مسۆگەری ڕەوتی ڕزگاریخوازانەی کوردە و هێژ نەچووە بچێ و هێژ زیندوە و هێژ ژی کارایە و هێژ ژی لەبەر دەستایە و بنەما و بواری مەشاندنی هێژ هەس ، بە دڵنیایی یەوە . دە وەرن هۆ هەڤاڵینە با کۆنە ماڵە باوانی کوردان بێتە ڤەژاندن و مام جەلال گوتەنی زرمەتان بێت لەو ناوماڵەدا . وەکی کە گوتمان ئەم ئاکار و تایبەتمەندیە مێژوویی پەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و دەوری کارساز و چارەسازیەتی کە کەوتوەتە بەر شاڵاوی هێرشی دوژمنان و نەیارانی کورد و کوردستان . تیلی دەرەکی داگیرکەرانی کوردستان و ستراتیژی نوێی وەهابی و سەفەویی و عوسمانلی ، بێ گومان هۆکاری ئەو دیاردە نامۆ و ناڕاست و نەگونجاوەیە لە کوردستان . دواکەوتوویی و ناکارامەیی و چەواشەکاری کۆنەکمۆنیست و نۆ–دێمۆکرات لە تێگەیشتنی بابەتیانە لە بار ودۆخی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە و جیهانیچ ، بواری ئەو دەس تێوەردانەی نەیاران و دوژمنانی کوردی ڕەخساندوە . ئەم بابەتە خەڵکە ناکارامەیی سیاسی خۆیان بەوە

ئەشارنەوە کە گوایە بەربەست و کۆسپی هێزە نەتەوەیی یەکانی کوردستان ، پارتی و یەکیەتی نەک ئیسلامیەکان ! ، بەرگریانن و ئەمەشیان کردوە بە جۆرە رق و نەخۆشیەکی دەروونی کوور لە دژی ئەو هێزانە . مێژووی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی و براکوژی بەمەبەست کراوەتە هۆکارێک پەی پاکانە و سوور بوون لە سەر ئەو ئاقارە ناکوردانە و نامێژوویی یانەی خۆیان کە چ ئاکام و بەرهەمێکی نە لۆ خۆیان و نە دۆزی کورد ئەبێ .

خەڵکی کوردستان بە گەورە و بچووکە ، بە ژن و پیاگەوە ، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە ، بە خەڵکی سەرشەقام و کۆڵانان و خەڵکی زانکۆ و زانستگاکانەوە ، تەنانەت خەڵکی ناکوردیش بە دۆست و دوژمنەوە لەوە ئاگادارن کە قەیرانی ناوخۆیی سازکراوی ئێستای کوردستان بەرژەوەندی ستراتیژیکی  دوور و نزیک خایەنی کورد و کوردستان ئەخاتە مەتریسیەوە . ئەمەیچ دەق ئەو چتەسە کە نەیاران و دوژمنانی کورد خەونی پێوە ئەبینن . لۆ ئیسلامیەکان و بەتایبەتی کۆنە ئەنسار و هۆگرانی کۆن و نوێی داعش ، ئەمە سەرکەوتنێکی تاکیکی و ستراتیژیکی یە . کێ هەیە گومانی لەوەدا بێت کە شەڕی هۆڤانەکانی داعش تەنیا شەڕی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا نیە . لەوانەیە فرە جە ڕاستی دوور نەکەفینەوە گەر بێژین کە داعش و گەلاڵە داڕێژەرانی ستراتیژی ئەو هۆڤانانە ، بەشێکی شەڕەکەیان خستوەتە ناماڵی کورد ، وەک نانەوەی کێشەی مرۆیی بە مەبەست سازکرای پەنابەران  بۆ کورد و دەسەڵاتەکەی جە باشوور . لۆ ئەوانەی کە داعش و ڕەوتی هەڵدانیان و دەوریان و ئاقاری سیاسیان ئەزانێ و ئەیان ناسێ ، خویایە کە ، بە پێچەوانەی گفتی ئەم و ئەوێک ، ئەوە داعشە کە لە ڕێگای ئامێرەکانیەوە وەک عەجەم و کۆنە ئەنسارەکان ، بە دۆزی کورد ئەلیزێ و یاری پێ ئەکات . هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە دوا ئاکام و دەرئەنجامی ئەم قەیرانە ناوخۆیی یەی کوردستان ، گەر بە هەست و لێزانی سەرکردایەتی کورد و بڕیارێکی وەکی ئەوانەی پێشوو چارنەکرێ ، بە قازانجی داعش و تێکڕای دوژمنانی کورد ئەشکێتەوە. یەکانگیری ئیسلامی سیاسی وەگەرد چەپ و کۆنە کمۆنیست و دیمۆکڕاتەکانی کوردستان پەی ئارمانجی دزێوی دژە کوردی لۆ وان فێڵە شەرعی ڕەوایە گۆڕ بیرۆکەی ئایینیان و جوور مێژووی سەرەتایی ئیسلامەکەیان . " ئەلحەرب وەلفیتنە"، ڕێکاری زانراویانە هەر لە کۆنەوە . دژ بەم دیاردە و قورتە مێژوویی یە ، ژن و پیاوی خودێ کەسایەتی مێژوویی پێویستە کە بە بڕیاری مێژوویی چاری دەرد بەکەن و وەکی جگەرخوێن دەبێژێ ئەو پێستێ مردار ژ ناو مە دەرخێنن .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٥/٠٩/٢٠